# CONSTITUTIONAL GUARANTEES OF POLITICAL RIGHTS

**Dldar Abdulwahid Qader[1], Idrees Qader Rasul[2]**

Law Department. Faculty of Law and Political sciences and administrative , Soran University,

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.12*

*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The topic we have investigated in this study is the constitutional guarantees to protect political rights and freedoms in the 2005 Iraqi Constitution. The Iraqi Constitution regulates the rights and freedoms in the second part of the Constitution, which shows the importance of the rights and freedoms regulated in the highest law of the state to ensure its statue and respect for these rights and freedoms. These rights and freedoms include the right to election, to stand for election, to vote, the right to assemble, the right to freedom of expression, the right to form or join political parties, and the right to obtain citizenship The Iraqi Constitution also defines the means by which these rights and freedoms are guaranteed, which we can extract from the texts and spirit of the Constitution. The most important guarantees for the protection of political rights and freedoms are the rule of law, the separation of powers, the independence of the judiciary, the constitutionality of laws and the hierarchy of laws. The principle of the rule of law and the principle of hierarchy of laws, along with the principle of separation of powers, are among the constitutional principles that can be implemented to prevent violations of political rights. Civil society organizations are also responsible for monitoring these rights and freedoms and exposing cases of violations of rights and freedoms by the authorities, in order to prevent continued violations by the state authorities, these are the most important means of protecting rights and freedoms that we can extract from the text of the constitution. However, in practice, the most important tool for guaranteeing rights and freedoms is to raise the level of awareness and culture of citizens and authorities so that these rights and freedoms can be implemented, and work to promote a culture of democracy.*

***Keywords:*** *Constitutional guarantees, principle of rule of law, principle of hierarchy of laws, principle of separation of powers, political rights*

# گەرەنتییە دەستوورییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان

د. دلدار عبدالواحد قادر
dldar.qader@soran.edu.iq
پ. ی. د. ادریس قادر رسول
Idrees.rasul@soran.edu.iq
فاکەڵتی یاسا/ زانکۆی سۆران

پوختە

ئەو بابەتەی کە لەو توێژینەوەدا لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووە بریتییە لە گەرەنتییەکانی دەستووری پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥. بە شێوەیەک کە دەستووری عێراق لە بەشی دووەم لە ناورۆکی دەستوور ماف و ئازادییەکانی ڕێک خستووە کە ئەوەش دەرخەری گرینگی ئەو ماف و ئازادیانەیە کە لە بەرزترین یاسای دەوڵەت ڕێک خراوە تاکو قورسایی و ڕێزگرتنی بۆ ئەو ماف و ئازادیانە دەستەبەر بکات. ئەو ماف و ئازادیانەش هەر یەک لە مافەکانی هەڵبژاردن، خۆپاڵاوتن، دەنگدان، مافی ئەنجامدانی کۆبوونەوە، مافی ئازادی ڕادەربڕین، مافی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان یان چوونە ڕیزیان لە گەڵ مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە خۆی دەگرێت. هەروەها دەستوور عێراق ئەو ئامرازانەش دیاری کردووە کە بە هۆیەوە گەرەنتی پاراستنی ئەو ماف و ئازادیانە دەکرێت، کە دەتوانین لە دەقەکانی دەستوور و ڕۆحی دەستوور ئەو ئامرازانە دەربهێنین.

گرینگترین گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان بریتیین لە هەر یەک لە بنەماکانی سەروەری یاسا، بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، بنەمای سەربەخۆیی دادگا و بنەمای چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان و بنەمای پلەبەندی یاساکان. بنەمای سەروەری یاسا و بنەمای پلەبەندی یاساکان لە گەڵ بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، لەو بنەما دەستوورییانەن کە بە هۆی جێبەجێ کردنیان دەتوانرێت ڕێگیری لە پێشێلکردنی مافە سیاسییەکان بکرێت. هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەرکی چاودێریکردنی ئەو ماف

و ئازادیانە لە ئەستۆ دەگرن و حالەتەکانی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ئاشکارا دەکەن، تاکو ڕێگیری بکەن لە بەردەوام بوونی پێشێلکاری لە لایەن دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە. ئەوانە گرینگترین ئامرازەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکانن کە دەتوانین لە دەقی دەستوور دەربهێنین. بەڵام لە ڕووی کرداریەوە گرینگترین ئەمراز بۆ گەرەنتی ماف و ئازادییەکان ئەوەیە کە ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری هاوڵاتیان و دەسەڵاتداران بەرز بکرێت تاکو بتوانرێت ئەو ماف و ئازادیانە جێبەجێ بکرێت، و کار بۆ بەرەو پیش بردنی کەڵتووری دیموکراسی بکرێت تاکو بە هۆیەوە مافە سیاسییەکان بە کرداری جێبەجێ بکرێن.

وشە کلیلیەکان: گەرەنتییەکانی دەستووری، بنەمای سەروەری یاسا، بنەمای پلەبەندی یاساکان، بنەمای جیاکردنەوە نێوان دەسەڵاتەکان، مافە سیاسییەکان.

# گەرەنتییە دەستوورییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان

## پێشەکی

بابەتی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی  سیاسی مروڤ یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتییەکان کە لە هەر دوو ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری گرینگی پێی دەدرێت. لە ئاستی نێودەوڵەتی دوای ئەوەی کە پێگەی تاکەکەس وەکو یەکێک لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتی چەسپینرا، پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانیش بووە بەرنامەی کاری ئەو یاسایە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مروڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرویی بەرەو پیش چوون کە دەتوانین لێرەدا بە جارنامەی جیهانی مافی مروڤ ساڵی ١٩٤٨ و هەر دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٦ بۆ مافەکانی سیاسی، شارستانی،  ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئاماژە پێی بدەین.

بەڵام سەرکەوتنی ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافی مروڤ  لە جێبەجێ کردنیانە، بۆیە دەبێت ڕێساکانی ئەو یاسایە لە دەستووری وڵاتان جێگیر بکرێت. بەڵام تەنها پەسەندکردنی ئەو مافانە هیچ بەهایەکیان نییە مەگەر لەوەی کە لایەن تاکەکان جێبەجێ بکرێت.  جێبەجێ کردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ پێویستی بە پاراستن و گەرەنتی هەیە. دەستوور بە هۆی ئەوەی کە بەرزترین یاسایە لە دەوڵەتدا بە شێوەی گشتی بابەتی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی ڕێک دەخات و ئەوەش دەگەڕێتەوە لەسەر گرینگی خودی دەستوور و هەروەها گرینگی ئەو ماف و ئازادیانە، چونکە پەیوەندیان بە ژیان و کەرامەتی تاکەکانەوە هەیە.

دەستووری عێراقیش وەکو دەستووری زۆربەی وڵاتان بابەتی ماف و ئازادییەکان لە ناورۆکی دەستوور ڕێک خستووە و بەشێکی تایبەت کردووە بە دانانی ئەو ماف و ئازادییانە، کە ئێمە لەو توێژینەوەدا ئاماژە بەو ماف و ئازادییە سیاسییەکان دەدەین هەروەها گەرەنتییەکانی دەستووری پاراستنیان باس دەکەین.

یەکەم: هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو توێژینەوە:

ماف و ئازادییەکانی هاولاتیان یەکێکە لەو بابەتانە کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان لە کۆمەڵگادا هەیە، بۆیە مافی هاولاتیانە کە شارەزایی ئەو ماف و ئازادیانە بن کە لە یاساکاندا ڕێک خراوە بە تایبەتی لە یاسای دەستووریدا، تاکو بتوانین ئەو ماف و ئازادیانە جێبەجێ بکەن، هەروەها دەبێت دەستوور ئەو گەرەنتیانەش دیار بکات تاکو پارێزگاری ئەو ماف و ئازادیانە بکات، بۆیە لەو توێژینەوەدا هەم باسی ئەو ماف و ئازادییە سیاسیانە دەکەین کە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی ڕێک خراوە و هەم باسی ئەو گەرەنتییە دەستووریانە دەکەین کە ئەو ماف و ئازادیانە دەپارێزن.

دووەم: گرینگی توێژینەوە:

گرینگی ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکانی سیاسی هاولاتیان لە دەستوور بۆ ئەوەیە کە دەسەلاتە گشتییەکان لە دەولەت ( دەسەلاتی یاسادانان، دەسەلاتی جێبەجێ کردن و دەسەلاتی دادوەری ) ئەو مافانە بپارێزن و نابێت کارێک ئەنجام بدەن کە دژی ئەو ماف و ئازادیانە بێت، بە تایبەتی دەسەلاتی یاسادانان، نابێت یاسایەک دەربکات کە دژی ئەو ماف و ئازادیانە بێت کە لە دەستوور ڕێک خراوە. هەروەها دەسەلاتی جێبەجێ کردن ناکرێت ئەو ماف و ئازادیانە لە هاولاتیان زەوت بکات. دەسەلاتی دادوەری دەبێت بە گوێرەی دەستوور و یاسا ماف و ئازادییەکانی هاولاتیان بپارێزێت، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کە مافە سیاسییەکانی هاوولاتیان لە لایەن دەسەلاتدارەکانەوە بپاریزرێت.

سێیەم: ئیشکالیەتی توێژینەوە:

ئیشکالیەتی گەرەنتییەکانی دەستووری پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستوور ئەوەیە کە سەرەڕای پەسەندکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لە دەستوور و بوونی گەرەنتی تاکو جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە بەردەوامی پێشێل دەکرێت و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:

دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ماف و ئازادییە سیاسییەکانی دیار کردووە، بۆیە ئامانجی ئەو توێژینەوە ئەوەیە ئەو گەرەنتییە دەستوورییانەش کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان تەرخان کراون دیار بکات و ئاستی ئەو گەرەنتیانە دیار بکات کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دانراون.

پێنجەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە هەوڵێکی زانستییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە ئایا گەرەنتییەکانی دەستووری پاراستنی مافە سیاسییەکان چین؟ بۆیە بەو پێیە وەڵام ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدەین:

١- مافە سیاسییەکان چین و جۆرەکانیان کامانەن کە لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ڕێک خراون؟

٢- گرینگی پاراستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان چیە؟

٣- گرینگترین گەرەنتییە دەستوورییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان چین؟

شەشەم: میتودی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان پشت بە میتودی شیکاری دەبەستین بۆ شرۆڤەکردنی دەقەکانی دەستووری تایبەت بە ماف و ئازادییە سیاسییەکانی هاووڵاتیان و هەروەها ئەو ئامرازانە کە بۆ پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانە دیار کراون و هاوڵاتیان دەتوانن پشتی پێی ببەستن بۆ ئەوەی کە ماف و ئازادییە سیاسییەکانیان پەیرەو بکەن.

حەفتەم: پێکهاتەی توێژینەوە:

بۆ شرۆڤەکردنی گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی ئەو توێژینەوە دابەشی دوو باسی سەرەکی دەکەین. لە باسی یەکەم چوارچێوەی دەستووری مافە سیاسییەکان ڕوون دەکەین، ئەویش لە ڕێگای دابەش کردنی بۆ دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەم باسی چەمکی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە تەوەری دووەم باسی ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان دەکەین. لە باسی دووەم باسی گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە

سیاسییەکان لە عێراقدا دەکەین، ئەویش لە ڕێگای دابەش کردنی ئەو باسە بۆ سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەم باسی گرینگی پاراستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان دەکەین و لە تەوەری دووەم باسی بنەمای سەروەری یاسا و پلەبەندی یاساکان دەکەین و لە تەوەری سێیەم و کوتاییدا باسی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان دەکەین. لە کوتاییدا گرینگترین دەرئەنجام و پێشنیارەکان دەخەینە ڕوو.

**باسی یەکەم:**

**چوارچێوەی دەستووری مافە سیاسییەکان**

بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی دەستووری مافە سیاسییەکان، ئەو باسە دابەشی دوو تەوەری سەرەکی دەکەین، لە تەوەری یەکەم چەمکی مافە سیاسییەکان دەخەینە ڕوو و لە تەوەری دووەم پێگەی مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراق ڕوون دەکەینەوە.

**تەوەری یەکەم:**

**چەمکی مافە سیاسییەکان**

پێش ئەوەی پێناسەی مافە سیاسییەکان و جۆرەکانی بکەین، سەرەتا پێویستە مافەکانی مرۆڤ پۆلین بکەین بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جۆری دابەش کردن هەیە، بەڵام ئێمە پشت بەو پۆلین کاریە دەبەستین کە زیاتر لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی باوە، کە ئەو جۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ یاساناسی چیکی کاریل فاساک لە پەیمانگای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ستراسبورغ لە ساڵی ١٩٧٧ کە مافەکانی مرۆڤی بە گوێرەی ناورۆک و پلەبەندی کاتی بەو شێوەی خوارەوە دابەشی کرد:[i]

یەکەم: نەوەی یەکەم: ئەو نەوەیە مافەکانی شارستانی و سیاسی لە خۆی دەگرێت، دوای ئەوەی کە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی ساڵی ١٩٦٦ چەسپێنران، ئەو مافانە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیان وەرگرت، کە مەبەستی لەو مافانەن کە تاکەکان بەکار دەهێنن، لێرەدا ڕۆڵی دەوڵەت ئەوەیە کە ڕێکخستنی ئەو مافانە بکات بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن پەیڕەو بکەن. وەکو مافی ئازادی

ڕادەربڕین، بەشداری سیاسی یان مافی خۆپالاوتن، بۆیە ڕۆڵی دەوڵەت لێرەدا تەنها پاراستن و ڕێکخستنی ئەو مافانەیە.[ii]

دووەم: نەوەی دووەم : ئەو مافانە پەیوەندی بە یەکسانی و دان پێدانی حکومەتەکانەوە هەیە و بریتیین لە مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە پێویستە هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگا ئەو مافانە بە شێوەی یەکسان وەربگرن وەکو بەدەستهێنانی کار و خزمەتگوزاری تەندروستی و نیشتەجیبوون و... هتد. کە ئەو مافانەش لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ساڵی ١٩٦٦ ڕێکخراون.[iii]

سێیەم: نەوەی سێیەم : ئەو جۆرە لە مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی بەدەستهێنانی ژینگەی خاوێن، مافە کەلتوورییەکان، گەشەسەندن، مافی ئاشتی و مافی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی سروشتی لە خۆی دەگرێت. ئەو مافە زیاتر جەخت لەسەر دابینکردنی پیداویستییەکانی نەوەکانی ئێستا دەکات بە بێ ئەوەی کە توانا و هێزی نەوەکانی داهاتوو بۆ بە دەستهێنانی پیداویستییەکانیان بخاتە بەردەم مەترسییەوە، کە لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگە لە خۆی دەگرێت.[iv]

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پۆلێن کردنەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیدا بۆمان بە دیار کەوت کە مافە سیاسییەکان لە نەوەی یەکەمی مافەکانی مرۆڤن و لە لایەکی تر دەتوانین بڵێن کە چوارچێوەی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس، دوو جۆری ماف و ئازادییەکانی تاکە کەسی و ماف و ئازادییەکانی گشتی لە خۆی دەگرێت، کە دەوڵەت ناتوانێت دەستێوەردان لەو مافانە بکات، مەگەر بۆ مەبەستی ڕێکخستیان نەبێت. ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسی کە بۆ بەرژەوندی تاکەکەس وەکو ئەندامێک لە کۆمەڵگا دانراون، و ماف و ئازادییە گشتییەکان بۆ سەرجەم هاووڵاتیانە، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر دەسەڵاتە گشتییەکان بەکار بهێنن، بۆیە سیفەتی گشتگیریان هەیە کە سەرجەم هاوڵاتیان دەتوانن بەکاری بهێنن بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیان و بیانییەکان بکرێت، تەنها مافە سیاسییەکان نەبن کە هاووڵاتیان مافی بەکارهێنانیان هەیە. بەڵام ماف و ئازادییە گشتییەکان بۆ سەرجەم تاکەکانە جا چ هاووڵاتی بن یان خود بیانی بن.[v] بۆیە

مافە سیاسییەکان و جۆرەکانی کە لە چوارچێوەی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەبن و هاوولاتیان لە بەرانبەر دەسەلاتە گشتییەکان بەکار دەهێنن دەتوانین بەوشێوەی خوارەوە پێناسە بکەین و جۆرەکانی دیار بکەین:

سەبارەت بە پێناسەی مافە سیاسییەکان، لە یەکێک لە پێناسەکان ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو مافانەن کە بۆ تاکەکان جێگیر کراون، بە هۆی ئەوەی کە ئەو تاکانە بەشێکن لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو( دەوڵەت ) و ئامانجی ئەوەیە کە تاکەکان بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی ولاتیان بکەن کە مافی خۆکاندیدکردنەوە، مافی دەنگدان، مافی بەدەستهێنانی ئەرکە گشتییەکان، مافی دامەزراندنی حیزب سیاسی یان ئەندامبوون لە حیزبەکان لە خۆی دەگرێت.[vi] بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێن کە بریتییە لەو مافانەی کە بە تاکەکان یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ناو دەوڵەتێک دراوە، تاکو هەوڵ بدەن ئامانجە ڕەواکانیان بە دەست بهێنن کە ئەو مافانە پەیوەندیان بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی تریش هەیە.[vii] یان مافی فەرمان لێکراوەکانە بۆ ئەوەی دەستەی حکومەت پێک بهێنن بە شێوەیەک کە لە گەڵ پێداویستی و بەرژەوندییەکانیان بگونجێت.[viii]

هەروەها دەتوانین بڵێن کە مافە سیاسییەکان ئەو مافانەن کە یاسا بۆ تاکەکان دادەنێت بۆ ئەوەی بەشداری لە سیستەمی سیاسی ولاتەکەی بکەن و دەسەلاتدارانی ولاتەکەیان هەڵبژێرن و بەو شێوەیە مافی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و چاودێریکردنی دەسەلاتەکان بە دەست بهێنن.[ix] یان ئەو مافانەن  کە بۆ هاوولاتیانی ولاتێک دەستنیشان کراون بە بێ ئەوەی بیانییەکان لە خۆی بگرێت.[x] ئازادی سیاسی لە یۆنانی کۆن بە واتای ئەوە دێت کە تاکەکان ئازاد بن لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی شارەکەیان.[xi]

هەروەها بۆ پێناسەی مافە سیاسییەکان جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی دەکرێت بە شێوەیەک کە مافە سیاسییەکان بریتیین لە یەکسانی هاوولاتیان بۆ بەشداریکردن لە دەنگدان لە گشت هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان کە لە ناو دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت و هەروەها بریتییە لە مافی خۆکاندیدکردنەوە بۆ ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی گشتی و هەرێمی و مافی بەشداریکردن لە پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و ئەندامبوون لە کۆمەڵەکانی سیاسی لە خۆی

دەگرێت، بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە بە یاسا دیاری دەکرێت، بە بێ ئەوەی ئەو مافانە بە بیانییەکانی نێشتەجێ ئەو دەوڵەتە بدرێت.[xii]

**تەوەری دووەم :**

**ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی**

دەستووری عێراقی سالی ٢٠٠٥ ماف و ئازادییە سیاسییەکانی ڕێک خستووە، و ئەو ڕێک خستنەش لە دەستوور، ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەو مافانەیە، لە لایەکی تر هێزیکی زیاتریش دەداتە ئەو مافانە تاکو دەسەلاتە گشتییەکانی دەولەت پێوە پابەند بن، بۆیە لەو تەوەرەدا پێگەی مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقی سالی ٢٠٠٥ دیار دەکەین.

لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ باسی مافە سیاسییەکانی هاولاتیان کراوە بە شێوەیەک جەخت لەسەر یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەتان کراوە بۆ مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و وەرگرتنی مافە سیاسییەکان، لەوانە مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپالاوتن.[xiii]

مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردنەوە جگە لە دەستور لە یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕێکخراوە، بە شێوەیەک بە گوێرەی ماددەی ٤ لەو یاسایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردن، مافی هەموو عێراقیەکە، بە بێ ئەوەی کە جیاوازی بکرێت بە هۆی ئایین، نەتەوە، ڕەنگ، نەژاد، مەزهەب، بیروڕا یان بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی. لە لایەکی تر هەموو دەنگدەرێک مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکانی هەیە، کە دەنگدانەکەی بە شێوەی ئازادانە، ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و تاکەکەسی دەبێت، هەروەها دەنگدان بە وەکالەت ڕێگە پێدراو نییە.

سەبارەت بە ئازادی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان کە بە یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی و ئەمرازێک بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان دادەنرێن پێویستی بە ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی هەیە، تاکۆ بتوانرێت ئەو مافە جێبەجێ بکرێت و گەرەنتی ڕێزگرتنیان بۆیان دابین بکرێت.

بە گوێرەی ماددەی ٣٩ لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی ئازادی پێکهێنانی حیزب سیاسی و کۆمەڵەکان یان چوونە ڕیزیان گەرەنتی دەکرێت و بە یاسا ڕێک دەخرێت. هەروەها ناکرێت هیچ کەسێک ناچار بکرێت کە بچێتە ڕیزی هیچ حیزبێک یان کۆمەڵەیەک یان لایەنێکی سیاسی، یان ناچار بکرێت لە ئەندامبوون لەو لایەنانە بەردەوام بێت.

ئەگەر تەماشای ئەو ماددە دەستووریانە بکەین دەبینین کە خودی دەستوور هەندێک مەرجی لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافانە داناوە، بەڵام ئەگەر تەماشای ماددەی ٣٩ بڕگەی یەکەم بکەین، دەبینین کە باسی ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان و حیزبە سیاسییەکان یان چوونە ڕیزیان کردووە و دەڵێت ئەوەش بە یاسا ڕێک دەخرێت. کەواتە دەستوور هیچ مەرجێک بۆ ئەو مافانە دانەناوە بەڵکو بۆ یاسا بە جێ هێشتووە، بۆیە دەکرێت بە یاسا ڕێکخستنی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکان و حیزبە سیاسییەکان بکرێت و مەرجەکانی دیار بکرێت کە لەو حاڵەتەدا، یاسا تەواوکەری دەستوور دەبێت.[xiv]

یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق ژمارە ٣٦ کە لە ساڵی ٢٠١٥/٩/١٧ دەرچووە ، ئەو یاسایە مەرجەکانی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان، پێناسەی حیزبی سیاسی و چالاکییەکانی حیزبە سیاسییەکان و ئەو لایەنەی کە ئەرکی چاودێریکردنی کار و چالاکییەکانی حیزبە سیاسییەکان لە ئەستۆ دەگرن دیاری دەکات.

ئەو یاسایە بەو شێوەیە پێناسەی حیزبی سیاسی یان ڕێکخستنی سیاسی دەکات کە بریتییە لە (کۆمەڵە هاوڵاتییەکی ڕێکخراوە کە لە ژێر هەر ناوێکدا بن و بنەما و ئامانجی هاوبەشیان هەیە و هەوڵ دەدەن بگەن بە دەسەڵات بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان لە ڕێگای دیموکراسی بەدیٚ بهێنن، بە شێوەیەک کە نابێت دژی بنەماکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان بن).[xv]

لە لایەکی تر سەبارەت بە مافە سیاسییەکانی ئافرەتان، زۆربەی ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ جەختیان لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو دەکەن لە بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی، جگە لەوە زۆربەی دەستورەکانیش بە هەمان شێوە، کار بەو بنەمایە دەکەن، بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە بە هۆی لەمپەرەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو یەکسانیە بەدیٚ

نایەت بۆیە بۆ ئەوەی دادپەروەری لە نێوان ئافرەت و پیاو بەدی بهێنرێت و گەرەنتی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان بدرێت، دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ جەخت لەسەر سیستەمی کۆتای ئافرەتان کردووە.[xvi]

مافە سیاسییەکانی ئافرەتان وەکو دەنگدان، هەڵبژاردن، پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان و بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتییەکان کە بە یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی هاوچەرخ دادەنرێت، لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی دانی پێنراوە، بۆیە ئەو دەستوورە جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەت دەکات لە بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتییەکان، دەنگدان، هەڵبژاردن و پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان، بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت. [xvii]

لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ٤٧/ چوارەم دەڵێت کە ڕێژەی ئافرەتان نابێت لە چارەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کەمتر بێت. هەروەها لە ماددەی ٢٠ لە دەستوور دەڵێت کە هاووڵاتیان جا چ پیاو بن یان ئافرەت مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتییان هەیە و هەڵگری مافە سیاسییەکانی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردنەوەن. لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ساڵی ٢٠١٣ دەڵێت کە ڕێژەی ئافرەتانی کاندیدکراو نابێت لە ٢٥٪ کەمتر بن، بۆیە دەبێت بە شێوەیەک لیستەکان پێشکەش بکرێت کە لە دوای هەر سێ پیاو، ئافرەتێک بێت بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی ئافرەت لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی دادوەری هیچ ڕێژەیەکی دیاریکراو یان ڕێژەی کۆتا بۆ ئافرەتان دیاری نەکراوە. [xviii]

هەروەها سەبارەت بە مافی ئازادی کۆبوونەوە و ئازادی ڕادەربڕین، دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی لە ماددەی ٣٨ برگەی سێیەم ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافی ئەنجامدانی کۆبوونەوە کردووە بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی و هەروەها باسی ئەوە کردووە کە مافی ئازادی کۆبوونەوە بە یاسا ڕێک دەخرێت.

لە چوارچێوەی ئەو ماددە دەستووریە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستوور دوو مەرجی سەرەکی داناوە بۆ پەیرەوکردنی ئەو مافە، یەکەمیان ئەوەیە کە نابێت پەیرەوکردنی ئەو مافە

ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی و مەرجی دووەم ئەوەیە کە ئەو مافە بە یاسایەک ڕێک دەخرێت کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت، ئەو مەرجانەش بۆ ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەو مافانە بە شێوەی ڕەها نینن، بەڵکو بە شێوەی ڕێژەیین و نابێت پەیڕەوکردنی ئەو مافانە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسانی تر یان ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنان یان زیادەڕەوی کردن لە پەیڕەوکردنی ئەو مافە، بۆیە ڕێکخستنی ئەو مافە دەبێت بە شێوەیەک بێت کە هەم ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر بپاێزێت، هەم کۆمەڵگایەکی مەدەنی و خاوەن دیموکراسی ڕاستەقینە بنیات بنرێت.[xix]

سەبارەت بە بەکارهێنانی مافی ئازادی ڕادەربڕین بە هەمان شێوەی مافی ئازادی کۆبوونەوە لە ماددەی ٣٨/یەکەم لە دەستووری عێراقی دەڵێت کە نابێت ئازادی ڕادەربڕین ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی. بە واتایەکی تر دەستوور مەرجێک داناوە لە سەر بەکارهێنانی ئەو مافە، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان ئەو کاتەی کە ئەو یاسایە ڕێک دەخات کە پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە پێویستە مەرجێک سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەومافە دابنێت کە ئەویش ئەوەیە کە نابێت بەکارهێنانی ئەو مافە ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی.

ڕەگەزنامە  کە یەکێکە لە ئەمرازەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان، لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی حکومەتی ناوەندییە لە عێراقدا، بۆیە لە عێراق وەکو زۆربەی وڵاتانی دیکە تەنها ئەو کەسانە مافی پەیڕەوکردنی مافە سیاسیەکانیان هەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن. بۆیە دەستوور لە ماددەی ١٨ دەڵێت کە ڕەگەزنامە مافی هەر کەسێکە کە باوک یان دایکی عێراقی بێت.

بایەتێکی تر کە گرینگە لێرەدا ئاماژە پێی بدەین، ئەویش مافە سیاسییەکانی کەسانی خاوەن فرە ڕەگەزنامەکانە کە پێویستە لە بەرزترین یاسای دەوڵەت کە دەستوورە جێگیر بکرێت، جگە لەوە پێویستە لە یاسای تایبەت مافە سیاسییەکانی فرە ڕەگەزنامەکان ڕێک بخرێت، بە شێوەیەک ڕوون بکرێت تاکو کەسانی خاوەن فرە ڕەگەزنامە، تا چەند دەتوانن مافە سیاسییەکانی خۆیان

دەستەبەر بکەن، جا ئەو مافانە پەیوەندیان بە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکانەوە هەبێت، یان پەیوەندیان بە مافی کاندیدکردنەوە بۆ ئەنجوومەنەکانی خۆجێی یان ئەنجوومەنی یاسادانانەوە هەبێت، یان خود بۆ بەدەستهێنانی ئەرکێک لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە بێت، یان پەیوەندی بە دامەزراندن یان ئەندامبوون لە حیزبی سیاسییەوە هەبێت.[xx]

دەستوور و یاسای ڕەگەزنامە ئەو حاڵەتە چارەسەر کردووە، لە ماددەی ١٨ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت کە فرە ڕەگەزنامەیی ڕێگە پێدراوە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێت پۆستەکی سەروەری یان ئەمنی باڵا وەربگرێت دەبێت واز لە ڕەگەزنامەکانی دیکەی خۆی بهێنێت. هەروەها لە ماددەی ٩/چوارەم لە یاسای ڕەگەزنامە ژمارە ٢٦ سالی ٢٠٠٦ هەمان هەڵویستی دەستووری عێراقی دووبارە کردووە.[xxi]

**باسی دووەم :**

**گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی عێراق**

بۆ دیراسەتی گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا ئەو باسە دابەشی سێ تەوەری سەرەکی دەکەین، بە شێوەیەک لە تەوەری یەکەم گرینگی پاراستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان ڕوون دەکەینەوە و لە تەوەری دووەم باسی بنەمای سەروەری یاسا و بنەمای پلەبەندی یاساکان دەکەین و لە تەوەری سێیەم باسی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان دەکەین.

**تەوەری یەکەم :**

**ڕۆڵی گەرەنتییە دەستوورییەکان لە پاراستنی مافە سیاسییەکان**

پاراستنی مافە سیاسییەکان پێویستی بە گەرەنتییەکانی دەستووری، دادوەری و سیاسی هەیە، ڕێکخستنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستوور دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەرەنتیەکی زیاتری بدرێتە ئەو مافانە، بەلام گەرەنتییە دەستوورییەکانیش یەک شێوە نین، چونکە بەشێک لە دەستوورەکان تەنها ئاماژە بە بنەما گشتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان دەدەن و وردەکارییەکان و ڕیکخستنیان بۆ دەسەلاتە گشتییەکانی دەوڵەت بە جێ دەمینیت، بەلام لە

بەرامبەردا بەشێک لە دەستوورەکان تەنها ئاماژە بەو گەرەنتیانە ناکەن، بەڵکو وردەکارییەکان و ڕێکخستنیش بۆیان دەکەن. لە لایەکی تر دەکرێت گەرەنتییەکان دابەشی دوو جۆری سەرەکی بکەین، گەرەنتی خۆپارێزی ( وقائية) و گەرەنتی چارەسەری ( علاجية) کە لێرەدا مەبەست لە گەرەنتییەکانی خۆپارێزی بریتیین لە بەدیهێنانی ئەو بارودۆخ و ڕێوشوێنانەی کە ڕێگیری دەکەن لە دەستدرێژی کردنی دەسەڵاتەکان بۆ سەر مافەکانی سیاسی، بەڵام گەرەنتییەکانی چارەسەری ئەو گەرەنتیانەن کە کاتێک دەسەڵاتەکان دەستدرێژی لەسەر مافەکانی سیاسی دەکەن، چارەسەری ئەو دەست درێژیانە دەکەن.[xxii]

پاراستنی دەستووری بۆ مافەکانی مرۆڤ جا چ بەو شێوەیە بێت کە دەستوور ڕاشکاوانە باسی بکات و بە دەق ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و گەرەنتیەکانی پاراستنیان جێگیر بکات، یان خود بە شێوەی ناراستەوخۆ یان ژێر بە ژێر بێت کە لە ڕۆحی دەقە دەستوورییەکان دەر بهێنرێت، بە گرینگترین سەرچاوەی نیشتیمانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت و بە هۆی ئەوەی کە دەستوور بەرزترین یاسایە لە هەر وڵاتێک، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە سەرچاوەی یەکەم بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکان، هەژمار بکرێت و لە کاتی پێشێلکردنی هەر مافێک سەرەتا پەنا بۆ یاسای نیشتیمانی دەبردرێت دواتر بۆ یاسای نێودەوڵەتی، بۆیە یاسای نیشتیمانی بە هیلی یەکەمی بەرگیریکردن لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت، جا یاسای نیشتیمانی دەستوور بێت یان یاسای ئاسایی بێت.[xxiii]

یەکێک لە ئامانجەکانی دەوڵەتی یاسا ئەوەیە کە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان لە بەرانبەر دەستدرێژی دەسەڵاتەکان، بە تایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بپارێزیت، بۆیە زۆربەی دەستوورەکان ماف و ئازادییەکانی ڕێک دەخەن و بەو شێوەیە گەرەنتی پاراستنیان دەدەن، کە دەتوانین بڵێن کە ئەو گەرەنتیانە و ئەو مافە و ئازادیانەی کە لە دەستوورەکان جێگیر دەکرێت، وەکو مەرجێک لە بەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنرێت، چونکە پێویستی بە دەستێوەردانی دەوڵەت هەیە، تاکو ئەو ماف و ئازادیانە بپارێزرێت، بە هەمان ئەو شێوەیە کە لە بەڵگەنامەکانی

یاسای نێودەوڵەتی هاتوونە، بە تایبەتی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی شارستانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، و ڕۆشنبیری هاتوونە.

بەشێک لە زانایان ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی دەوڵەتی یاسایی دادەنێن، بەڵام بەشێکی تر پێیان وایە کە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان گەرەنتییە نەک ڕەگەزی دەوڵەتی یاسایی، چونکە گەرەنتی جیاوازە لە گەڵ ڕەگەز و ناچێتە ناو چوارچێوەی ماهیەتی شتەکە، بە شێوەیەک کە نەبوونی ببێتە هۆی نەمانی شتەکە، بەڵکو ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی بوونی دەوڵەتی یاسایی.[xxiv] بەڵام دەوڵەتی یاسایی یەکێکە لە گرینگترین گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکان. لە دەوڵەتی یاسایی پێویستە دەستوور هەبێت، چونکە دەستوور بە یەکەمین پێوەر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسایی هەژمار دەکرێت.[xxv]

دەوڵەتی یاسایی بە گوێرەی دەستوور پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتەکان وهاوڵاتیان ڕێک دەخات، ئەو ڕێکخستنە دەبێت بە شێوەیەک بێت کە هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو لایەنە دروست بکات، چونکە دەسەڵاتدارەکان وەکو لایەنێک لەو پەیوەندییە دەیانەوێت کە پێداویستییەکانی پەیڕەوکردنی دەسەڵات باڵادەست بێت، بەڵام لە لایەکی تر فەرمانلێکراوەکان دەیانەوێت کە گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان باڵاتر بێت لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکان. پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی دەسەڵات پێویست دەکات کە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە ماف و ئازادییە گشتییەکانی سنووردار بکات، لە کاتێکدا کە گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکانیش دەبنە هۆی سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکان، بۆیە دەوڵەتی یاسایی بە واتا فراوانەکەی هەوڵ دەدات کە هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی دەسەڵات و گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکان دروست بکات، چونکە باڵادەستی پێداویستییەکانی پەیڕەوکردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی دروستبوونی زۆرداری و باڵادەستی گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە لە ناو کۆمەڵگەدا.[xxvi]

ئەگەر تەماشای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی، سەبارەت بە ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان بکەین دەبینین کە گرینگترین ئەو بنەمایانە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ

و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تردا هاتوونە لە خۆی دەگرێت. ئەوەی کە لە ڕێکخستنی ئەو ماف و ئازادیانە لە دەستور گرینگترە، جێبەجێ کردنی ئەو ماف و ئازادیانەیە، چونکە ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان هەر لایەنێکی تر پێشێلی ئەو ماف و ئازادیانە بکات ئەوا دانانی ئەو ماف و ئازادیانە لە بەرزتر یاسای وڵات، هیچ گرینگیەکی نامێنێت و بەهای خۆیان لە دەست دەدەن.

دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیانە، بوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و ڕۆژنامەگەری ئازادانە و چاودێری گەڵ لە گرینگترین گەرەنتییەکانی ڕاستەقینەی پاراستنی ئەو ماف و ئازادیانەن کە لە دەستووردا هاتوون. دەستووری عێراقیساڵی ٢٠٠٥ جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان کردووە ، هەروەها جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان دەکات بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکات و گەرەنتی جێبەجێ کردنی ماف و ئازادییەکان بکات.

بە گوێرەی ماددەی ٤١ لە دەستووری عێراقی نابێت هیچ کۆت و بەندێک بخرێتە سەر پەیڕەوکردنی ماف و ئازادییەکان مەگەر بە گوێرەی یاسا نەبێت، ئەویش نابێت بە شێوەیەک بێت کە کرۆکی ئەو ماف و ئازادیانە لە ناو بچن. کۆت و بەند کردنی ماف و ئازادییەکان دەکرێت بە هۆی هۆکاری ئەمنی یان دادوەری بێت، بۆیە بە گوێرەی دەستووری عێراقی ماف و ئازادی سیاسییەکان دەبێت بە گوێرەی یاسایەک ڕێک بخرێت کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت.

هەروەها بە گوێرەی ماددەی ١٢٦ هەموارکردنەوەی ئەو ماف و ئازادیانەی کە لە دەستوور ڕێک خراوە، ناکرێت هەموار بکرێت مەگەر دوای تێپەڕینی دوو خوڵی هەڵبژاردن نەبێت. لە لایەکی تر دەبێت دوو لە سەر سێ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدەن و دواتر بخرێتە بەردەم ڕاپرسی گشتییەوە تاکو ڕەزامەندی گەڵ لەسەر ئەو هەموارکردنەوە وەربگرێت و دوای

ڕەزامەندی گەڵ پێویستە دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییە لە ماوەی حەفت ڕۆژ لە لایەن سەرۆک کۆمار پەسەند بکرێت.

لە لایەکی تر بە گوێرەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەبێت هەموو لایەنەکان ڕێز لە بنەمای سەروەری یاسا و بنەمای دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیانە بگرن. هەروەها بەشداری سیاسی هاووڵاتیان و ئازادی بیروڕا و پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان، سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکانی پیشەیی لەو مافانەن  کە ئەو دەستوورە ڕێکی خستووە.

پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان بە گوێرەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراقی لە ماددەی (٥٠) مسۆگەر کراوە بە شێوەیەک کە دەڵێت هاوڵاتیان چ پیاو بن یان ئافرەت مافی بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیان هەیە، هەروەها دەتوانن ببنە خاوەنی مافە سیاسییەکان وەکو مافی هەڵبژاردن، مافی دەنگدان و مافی خۆکاندیدکردنەوە.[xxvii]

هەروەها بە گوێرەی یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، قەزا و ناحیەکان کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە، ئامانجی ئەو یاسایە گەرەنتی بەشداریکردنی دەنگدەرانە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، قەزا و ناحیەکان و هەروەها بۆ گەرەنتی مافی دەنگدەران و کاندیداکانە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن و هەڵبژاردنەکان دەبێت بە شێوەی نهێنی و پاک بەڕێوەبچن.[xxviii]

ئامرازەکانی ناوخۆیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنەکانی یاسایی و ئەو دام و دەزگا نیشتیمانیانە لە خۆی دەگرن کە ڕۆڵیان پاراستن و ڕێز گرتنە لە مافەکانی مرۆڤ. مەبەست لە گەرەنتییەکانی یاسایی ئەو دەقە یاسایانەن کە ئامانجیان پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاکەکانن، کە بە پلەی یەکەم دەستوور دێت و دواتر یاسا ئاساییەکانن کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن. هەروەها ڕێسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە خۆی دەگرن کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە دەردەچن. لە لایەکی تر بنەما گشتییەکانی یاسا لە خۆی دەگرن کە دەسەڵاتی دادوەری کەشفیان دەکات.[xxix]

ئامرازەکانی ناوخۆیی پاراستنی مافەکان گرینگی زۆریان هەیە چونکە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر کاتێک پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجام درا، پێویستە سەرەتا ئەو کەسەی کە پێشێلکاری لە بەرامبەریدا ئەنجامدراوە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئامرازەکانی ناوخۆیی بۆ ئەوەی سکالا تۆمار بکات.

هەر چەندە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ماف و ئازادییەکانی ڕێک خستووە و بەشێکی زۆریان لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، بەڵام یاسای تەواوکەر بۆ ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەرنەچوونە. لە لایەکی تر عێراق بەشێکی زۆر لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەسەند نەکردووە. هەروەها لە دەستووری عێراقی بە ڕاشکاوی باسی سەروەری یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی نەکردووە.

ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کە عێراق پەسەندی دەکات پێویستی بە پەسەندکردن هەیە، هەچەندە عێراق بەشێک لەو ڕێکەوتننامانە وەکو هەر دوو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ساڵی ١٩٦٦بە یاسای ژمارە ١٩٣ ساڵی ١٩٧٠ و ڕێکەوتننامەی سیداو بە یاسای ژمارە ٦٦ ساڵی ١٩٨٦ پەسەند کردووە، بەڵام ئەو ڕیکەوتننامانە لە گەڵ یاسای ناوخۆیی تێکەڵ نەکراون و یاسایەکی تایبەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مافانە لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەرنەچوویە.

**تەوەری دووەم:**

**بنەمای سەروەری یاسا و بنەمای پلەبەندی یاساکان**

**گەرەنتی یەکەم: بنەمای سەروەری یاسا:** بنەمای سەروەری یاسا یەکێکە لە گرینگترین پێوەرەکانی دەوڵەتی یاسایی، کە بە گوێرەی ئەو بنەمایە هەموو لایەنێک دەبێت پابەندی یاساکان بن، جا چ هاوڵاتیان بن یان دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت بن.[xxx] ئەرکی بنەمای سەروەری یاسا تەنها ئەوە نییە کە لایەنەکانی پابەندی کرۆکی یاساکان یان ناورۆکی یاساکان بکات، بەڵکو بنەمای سەروەری یاسا دەبێت، ببێتە هۆی گەرەنتی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، ئەگەرنا

یاساکان بەهای خۆیان لە دەست دەدەن.[xxxi] لە لایەکی تر بە پشتبەستن بەو بنەمایە پێویستە هەر کۆت و بەندێک کە لەسەر ماف و ئازادییەکان دادەنرێت، دەبێت بە گوێرەی یاسا بێت.[xxxii]

سەبارەت بە پێناسەی بنەمای سەروەری یاسا، دوو بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بە پێ بیروبۆچوونی یەکەم بەو شێوەیە پێناسەی بنەمای سەروەری یاسا دەکەن کە پێویستە هەموو لایەک پابەندی ئەو یاسایانە بن کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچن، ئەو لایەنە چەمکی سەروەری یاسا بەرتەسک دەکەن، بەلام بیروبۆچوونی دووەم سنووری ئەو بنەمایە فەراوانتر دەکات، بە شێوەیە هەموو یاساکانی دەوڵەت لە خۆی دەگرێت، جا ڕیسا دەستوورییەکان بن یان خود یاسای ئاسایی بن یان ڕینمایی بن.

پەیوەندی لە نێوان بنەمای ڕەوایەتی و بنەمای سەروەری یاسا، پەیوەندییەکی تەواوکەرە، بە شێوەیەک کە ڕەوایەتی بەشێکی گرینگە بۆ جێبەجێ کردنی سەروەری یاسا، چونکە سەروەری یاسا بریتییە لە جێبەجێ کردنی یاسا، بەو واتایە کە پێویستە ڕەوایەتی جێبەجێ تاکو سەروەری یاسا بوونی هەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو دوو بنەمایە هاوواتای ( مترادف ) یەکترن کە بە واتای جێبەجێ کردنی یاسا دێت.[xxxiii]

لە لایەکی تر ئەرکی یاساکان تەنها ئەوە نییە کە وەکو ئەمرازێک بۆ ڕێکخستنی کارکردنی دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت بەکار بهێنرێن، بەڵکو دەبێت وەکو گەرەنتییەکیش بێت بۆ ئەوەی مافی هاووڵاتیان لە بەرامبەر دەسەلاتە گشتییەکانی دەوڵەت بپارێزێت. بۆیە دەستووری عێراقی لە مادده پێنج جەخت لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایە دەکات و دەڵێت کە سەروەری بۆ یاسایە و گەڵ سەرچاوەی دەسەڵات و پێدانی ڕەوایەتییە بە دەسەڵاتەکان، کە ئەوەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنی و گشتی و لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەستووری دەبێت. بۆ ئەوەی بنەمای سەروەری یاسا ڕۆڵی هەبێت و چالاک بێت پێویستە ئاسایش ڕاستەقینە بۆ هاووڵاتیان لە کۆمەڵگا دابین بکرێت، تاکو هاووڵاتیان بتوانن ئەو بنەمایە وەکو گەرەنتییەک بۆ پاراستنی مافەکانیان بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەکار بهێنن.[xxxiv]

کەواتە بە گوێرەی بنەمای سەروەری یاسا پێویستە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و تاکەکان پابەندی ڕێساکانی یاسایی بن جا سەرچاوەکەی دەستوور بێت یان یاسای ئاسایی بێت، چونکە پێشێلکردنی ڕێساکانی یاسایی دەبێتە هۆی ئەوەی کە سزای ئەو لایەنەی بدرێت کە پێچەوانەی ئەو ڕیسا یاسایانە هەڵسوکەوت کردووە. ئەگەر دەقەکانی یاسا پێچەوانەی دەقێکی دەستووری بن ئەوا سزاکەی بریتییە لە نادەستووریبوونی ئەو یاسایە و پوچەڵکردنەوەی ئەو یاسایە، و ئەگەر سەرچاوەی ئەو پێشێلکردنە دەستدرێژی دەسەلاتەکانی کارگیری یان تاکەکان بن، ئەوا قەزای کارگیریێ یان قەزای ئاسایی سزای ئەو لایەنە دەدات و سزاکەی دەکرێت سزای تاوانی بێت یان قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بێت یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە بن کە پێشێلی ماف و ئازادییەکان کردووە. بە گوێرەی بنەمای سەروەری یاساکان دەسەلاتەکانی کارگێری ناتوانن لە دەرەوەی یاسا هەڵسوکەوت لە گەڵ تاکەکان بکەن و هەروەها ناتوانن شتێک لە دەرەوەی یاساکان لەسەر هاوولاتیان بسەپێنن، بەڵام جێبەجێ کردنی بنەمای سەروەی یاسا بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان پێویستی بە سەربەخۆیی دادگا هەیە، چونکە بە بێ سەربەخۆیی دادگاکان ناکرێت لە ڕووی کردارییەوە ئەو ماف و ئازادیانە بپارێزێت.[xxxv]

کەواتە بۆ جێبەجێ کردنی بنەمای سەروەری یاسا، پێویستە سەرجەم کارەکانی دەسەڵاتەکانی کارگیری ملکەچی چاودێری دادوەری بن، چونکە بەشداری چالاکی هاولاتیان لە ژیانی سیاسی مسۆگەر نابێت، مەگەر پاراستنی دادوەری بۆ ئەو مافە سیاسیانە دابین نەکرێت.[xxxvi]

سەبارەت بە بنەمای سەروەری یاسا لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ٥ جەختی لەسەر کراوە بەوەی کە دەڵێت سەروەری بۆ یاسایە، و گەڵ سەرچاوەی دەسەڵاتەکان و پێدانی ڕەوایەتیە بە دەسەڵاتەکان، کە ئەوەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی و نهێنی و لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەستووری بەدیٔ دەهێنرێت. ئەگەر سەیری ئەو ماددەیە بکەین دەبینین کە ئەو بنەمایە گەرنتییەکە بۆ هاولاتیان، چونکە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت ناچار دەکات کە ملکەچی یاسا بن، بۆیە کاتێک کە یاسا سنووری ماف و ئازادییەکان دیار دەکات، دەبێت

دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پێوە پابەند بن، بە تایبەتی بۆ پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان دەبێت ڕەچاوی بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بکەن. لە لایەکی تر کە دەڵێت گەڵ سەرچاوەی دەسەڵاتەکان و ڕەوایەتی پێدانە بە دەسەڵاتەکان، ئەویش لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی و نهێنی، لیرەدا پەیوەندی لە نیوان بنەمای سەروەری یاسا و پاراستنی مافە سیاسییەکان بە دیار دەکەوێت، چونکە بنەمای سەروەری یاسا دەبێتە گەرەنتیەک بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسی و بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان کە مافی هەڵبژاردن یەکێکە لە مافە سیاسییەکان.[xxxvii] کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بنەمای سەروەری یاسا و مافە سیاسییەکان هەیە، چونکە بە پێ ئەو بنەمایە بێت هەموو لایەنێک دەبێت پابەندی ئەو یاسایانە بن کە ڕێکخستنی بۆ مافە سیاسییەکان دەکەن جا دەکرێت ڕێکخستنی دەستووری بێت یان خود بە هۆی یاسای ئاسایی بێت کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، بۆیە بە هۆی ئەو بنەمایەوە دەتوانرێت مافە سیاسییەکانیش جێبەجێ بکرین و ڕیگیری لە پێشێلکاری بەرامبەر بە مافە سیاسییەکان بگرێت چونکە هەر هەڵسوکەوتێک یان بریارێک کە لە دژی ئەو یاسایانە دەچوون کە ڕێکخستن یان پاراستنی بۆ مافە سیاسییەکان دەکەن دەرچوو بە پوچەل دادەنرێت.[xxxviii]

**گەرەنتی دووەم : بنەمای پلەبەندی یاساکان:** گەرەنتیەکی تر بنەمای پلەبەندی یاساکانە، ئەو بنەمایەش گەرەنتیەکی یاساییە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چونکە هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ماف و ئازادییە گشتییەکان لە بەرزترین یاسای وڵات کە دەستوورە جێگیر کراوە و بە هۆی سروشت و باڵادەستی دەستوور، ئەو یاسایە لە سەرووی هەموو یاساکان دەبێت. بە گوێرەی ئەو بنەمایە نابێت ئەو یاسایە کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت یان ئەو ڕینمایانە کە لە لایەن دەسەڵاتی جێ بە جێ کردنەوە دەردەچن، پێچەوانەی دەستوور بن، هەتا ئەو بڕیارە تاکەکەسیانەش کە لە لایەن دەزگایەکی کارگێریەوە دەردەچن پێچەوانەی دەستوور بن، ئەگەرنا بە پوچەل دادەنرێن.[xxxix]

کەواتە بە گوێرەی ئەو بنەمایە دەبێت یاسای نزمتر پابەندی یاسای بەرزتر بێت، تاکو دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە کە دەستوورە، بۆیە دەتوانین بڵێن کە ئەو بنەمایە گەرەنتییەکی یاساییە

بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چونکە لە ماددەی دووەم /ج دەڵێت کە نابێت هیچ یاسایەک دژی ئەو ماف و ئازادیانە دەربچن کە لە دەستووردا جێگیر کراون. جگە لەوە لە ماددەی ١٣ / یەکەم دەڵێت کە ئەو دەستوورە بەرزترین یاسایە لە عێراقدا و دەبێت هەموو لایەک پێوە پابەندبن. و لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددە ئاماژە بەوە دەدات کە نابێت هیچ یاسایەک لە دژی ئەو دەستوورە دەربچێت، ئەگەرنا بە پوچەل دادەنرێت، کە ئەو بڕگەیە دەستووری هەرێمەکانیش لە خۆی دەگرێت کە نابێت دژی دەستووری فیدراڵی بن.

گرینگی بنەمای پلەبەندی یاساکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان بە گشتی و مافە سیاسییەکان بە تایبەتی دەتوانین لە دەقە دەستوورییەکان دەربهێنین بو نمونە لە بڕگەی ج لە ماددەی دووەم لە دەستوور دەڵێت کە ڕێگا نادرێت هیچ یاسایەک دژی ئەو ماف و ئازادیانە دەربچێت کە لە دەستووردا هاتوونە. هەروەها لە ماددەی ٤٦ دەڵێت کە ناکرێت کۆت و بەند بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەو ماف و ئازادیانەی کە لە دەستووردا هاتوونە، مەگەر بە یاسا نەبێت. ئەگەر تەماشای ئەو ماددە دەستوورییە بکەین دەبینین کە دەکرێت بە یاسا کۆت و بەند بخرێتە سەر ماف و ئازادییەکان بە مەرجێک کە پێشێلی کرۆکی ئەو ماف و ئازادیانە نەکرێت. هەروەها ئەگەر تەماشای ماددەی ٣٨/ یەکەم بکەین سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین دەڵێت کە ئەو مافە پارێزراوە بە مەرجێک پێشێلی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی نەکات، بۆیە بە گوێرەی ئەو ماددە دەستوورییە نابێت دەسەڵاتی یاسادانان، یاسایەک دەربکات کە پێشێلی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی بێت. هەروەها نابێت دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ڕێگا بە تاکەکان بدات کە بە هۆی بەکارهێنانی مافی ئازادی ڕادەربڕین پێشێلی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی بکەن. بەڵام دەکرێت کە ئەو ماددەیەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بکەین چونکە چەمکی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی ڕوون نییە و زۆر لایەن لە خۆی دەگرێت و دەکرێت زۆر پێناسە بۆی بکرێت.

بنەمای باڵای دەستی دەستوور دوو ڕووخساری سەرەکی هەیە، کە دەکرێت ئەو ڕووخسارانە بە دوو پێوەری بابەتی و ڕەواڵەتی لە یەکتر جیاواز بکەین بەو شێوەی خوارەوە:[xl]

- بالا دەستی دەستوور بە گوێرەی پێوەری بابەتی: بە پێ پێوەری بابەتی دەستوور لە ڕووی بابەتی و ماددیەوە بالاترین یاسایە، بۆیە هیچ ڕێسایەکی یاسایی بالاتر نییە لە دەستوور، کەواتە بە پێ پێوەری بابەتی سروشتی ئەو بابەتانە کە دەستوور ڕێک دەخات گرینگن بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و سەبارەت بە پاراستنی ماف و ئازادییەکان و گەرەنتییەکانیان دەکەویتە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی کە دەستوور ڕێک دەخات.[xli]
- بالادەستی دەستوور بە گوێرەی پێوەری ڕەواڵەتی: بە پێ پێوەری ڕەواڵەتی بالادەستی دەستوور و هێزەکەی بە گوێرەی ئەو بابەتانە نییە کە ڕێکی دەخات، بەڵکو بە هۆی ئەو لایەنەیە کە دەستووری پەسەند یان هەمواری دەکات، چونکە پەسەندکردنی دەستوور یان هەموارکردنی لە ڕووی ڕێوشوێن و ئەو لایەنەی کە بەو کارە هەڵدەستن قورسترە لە پەسەندکردن و هەموارکردنی یاسای ئاسایی کە لە پەرلەمان دەردەچێت.

**تەوەری سێیەم:**

**بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەلاتەکان:**

بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەلاتەکان کە یەکێکە لە پێوەرەکانی سیستەمی دیموکراسی، لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفەکانی یونانی وەکو ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بە شێوەیەک کە ئەفلاتوون لە کتێبی یاساکانی خۆی دەڵێت کە پێویستە ئەرکەکانی دەوڵەت لەسەر دەستەکانی جیاواز دابەش بکرێت، لە گەڵ ئەوەی کە پێویستە هاوسەنگی لە نێوانیاندا بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی کە هیچ لایەنێک بە تەنهایی حوکم نەکات، ئەگەرنا دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرداری بکات، کە لەو حاڵەتەدا لایەنەکانی تر مافی شۆڕەش و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەلاتەیان دەبێت.[xlii]هەروەها ئەرستۆ پێی وایە کە پێویستە ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ سێ ئەرک دابەش بکرێت، ئەرکی گفتۆگۆکردن کە ئەرکی دەسەلاتی یاسادانانە، ئەرکی بڕیاردەر کردن یان خود فەرماندەر کردن کە ئەرکی دەسەلاتی جێبەجێ کردنە و ئەرکی دادپەروەری کە ئەرکی دەسەلاتی دادوەرییە.[xliii]

سەرهەڵدانی نوێ بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم، بەڵام لە سەدەی هەژدەیەم پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، ئەو بنەمایە سەرەتا وەکو بنەمایەکی سیاسی سەریهەڵدا، بەڵام دوای جێگیربوونی لە دەستووری زۆربەی وڵاتان ئەو بنەمایە سیفەتێکی یاسایی وەرگرت، بۆیە دەتوانین بڵێن کە ئەو بنەمایە سروشتێکی یاسایی و سیاسی وەرگرت. [xliv]ئەو بنەمایە کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕەشی فەرەنسا دانرا، بە شێوەیەک کە ئەو بنەمایە لە دەستوورەکانی دوای شۆڕەشی فەرەنسا جێگیر کرا، وەکو دەستووری ساڵی ١٧٩١ و دەستووری ساڵی ١٨٤٨ کە بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان بە مەرجی یەکەمی حکومەتەکانی ئازادی دیاری کرد.[xlv]لە ماددەی ١٦ لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی فەڕەنسی جەخت لەسەر بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان کراوە و وەکو گەرەنتییەک بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دانراوە.[xlvi]

مونتسکیو دەڵێت کە پەیوەندی لە نێوان ئازادی و بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان هەیە، بە شێوەیەک کە ئەو بنەمایە ئەمرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئازادییە سیاسییەکان[xlvii]، و هەروەها پێی وایە کە بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چونکە ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی یەک کەسدا بن، ئیتر هیچ بەهایەک بۆ ماف و ئازادییەکان نامێنێت. بۆیە بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە رۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنوورێک بۆ زۆرداری دابنرێت و لە لایەکی تر دەوڵەتی یاسایی بە بێ هەبوونی ئەو بنەمایە دروست نابێت.[xlviii] هەروەها دەسەڵاتی ڕەها کە تێیدا ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان سەرجەم دەسەڵاتەکانیان لە دەست بێت، نابێتە هۆی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و حکومەتێکی مەدەنی.[xlix]

مەبەستی مونتسیکۆ جیاکردنەوەی ڕەها لە نێوان دەسەڵاتەکان نەبوو، بەڵکو پێی وابوو کە پێویستە هاوکاری و چاودێری ئالوگۆڕکراو لە نێوان دەسەڵاتەکان بوونی هەبێت.[l]بۆیە مونتسیکۆ بۆ جێبەجێ کردنی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتەکانی بۆ سێ دەسەڵاتی

یاسادانان، جێبەجێ کردن و دادوەری دابەش دەکات،[li] بە هۆی ئەوەی کە پێی وایە کە ئازادی سیاسی تەنها لە حکومەتەکانی میانڕەو بەدیٛ دەکرێت کە تێیدا دەسەڵاتەکان بە شێوەی خراپ بەکار نەهێنرێن، چونکە ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی یەک کەسدا بن بۆ هەتا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکار بهێنێت و ببێتە هۆی دروستبوونی حکومەتی زۆرداری،[lii] هەروەها ئەو بنەما دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە یاسا و بە شێوەی ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن لە دەستی یەک کەسدا بن، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بە شێوەی نادادپەروەرانە یاسا دابنرێت.[liii] هەرچەندە ئەو بنەمایە تووشی چەندین ڕەخنە بووە بە هۆی ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر یەک لە دەسەڵاتەکان لە بەرپرسیاریەتی ڕا بکەن و بەرپرسیارتیەکان بخاتە ئەستووی دەسەڵاتی بەرامبەر، هەروەها ڕەخنەی دووەم ئەوەیە کە ئەو بنەمایە، بنەمایەکی خەیالیە و لە ڕووی کردارییەوە یەکسانی لە نێوان دەسەڵاتەکان بوونی نییە، بەڵکو دەسەلاتێک باڵادەستی لەسەر دەسەڵاتەکانی دیکە هەیە، بو نمونە لە سیستەمی پەرلەمانی دەسەڵاتی یاسادانان باڵادەستی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەیە.[liv]

بۆ ئەوەی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان کارێگەری لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافە سیاسییەکان بە تایبەتی هەبێت پێویستی بە چەندین مەرج هەیە:[lv]

- پێویستە هەموو مافەکانی تاکەکان بە یاسا ڕێک بخرێت و یاساش پشتی بە دەستوور ببەستێت.
- بۆ ئەوەی سەروەری یاسا هەبێ ، تەنها بوونی یاساکان گرینگ نییە بەڵکو یاساکان دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە گەرەنتییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لە خۆی بگرێت.
- پێویستە گەرەنتی جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایە بوونی هەبێت کە گرینگترینیان سەربەخۆیی و پارێزبەندی دەسەڵاتی دادوەرییە.[lvi]

هەروەکو باسمان کرد ئەو بنەمایە گەرەنتیەکی یاسایی گرینگە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان، کە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار بە ڕاشکاوی لە

ماددەی ٤٧ جەخت لەسەر جێبە جێ کردنی ئەو بنەمایە کردووە و دەڵێت کە دەسەڵاتەکانی ئیتحادی لە سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن، دەسەڵاتی دادوەری ) پێک دێت و تایبەتمەندییەکانیان و ئەرکەکانیان بە گوێرەی بنەمای جیاکردنەوەی تەواو لە نێوان دەسەڵاتەکان دەبێت. هەر چەند بنەمای جیاکردنەوەی تەواو لە نێوان دەسەڵاتەکان تەنها لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەبێت، نەک سیستەمی پەرلەمانی کە لەسەر بنەمای هاوکاری و هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان ڕادەوستێت.[lvii]

لە ژێر کاریگەری بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکات، لە ڕێگای ئەو ئامرازانە کە لە دەستی دەسەڵاتی یاسادانە وەکو پرسیار کردن، پرساندن (الاستجواب) ، لێکولینەوە و وەرگرتنی متمانە ( سحب الثقة) و لە بەرامبەردا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن مافی پشنیارکردنی پروژە یاساکان هەیە کە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات، جگە لەوە دەتوانێت داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، هەروەها مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە.[lviii]

لە لایەکی تر بە گوێرەی ماددەی ٦١ ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبە جێ کردن، بۆیە بە گوێرەی ئەو ماددەیە ڕۆڵی چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگیری بکرێت لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتیان، چونکە ئەگەر دەسەڵاتەکان هەموویان لە دەستی یەک کەسدا بن، ئەو کەسە دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بۆ زۆرداری بەکار بهێنێت و هەروەها پێشێلی ماف و ئازادییەکان بکات.[lix]

لە لایەکی تر دەبێت لە ناو دەسەڵاتی دادوەری دەستەیەکی دادوەری دەستووری هەبێت کە ئەرکەکەی بریتیی بێت لە پوچەڵکردنەوەی ئەو یاسا و ڕێنمایانە بن کە دژی ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتیان دەردەچن. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئەو ئەرکەی بە دادگای باڵای فیدراڵی سپێردراوە، کە ئەرکەکەی بریتییە لە چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان و ڕینماییەکان. لە لایەکی تر بە گوێرەی ماددەی دووەم/یەکەم/ج نابێت هیچ یاسایەک دژی ئەو

ماف و ئازادیانە دەربچن کە لە دەستووری عێراقیدا هاتوونە، کە ئەوەش دەبێتە گەرەنتیەکی یاسایی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، لە دژی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، بەڵام پێویستە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و بێ لایەن بێت، ئەو سەربەخۆیەش بە واتای زۆرداری دەسەڵاتی دادوەری ناهێت بەڵکو دەبێت بۆ گوێرەی یاسا بڕیار بدات.[lx]

کەواتە بە گوێرەی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان سەروەری یاسادانان( السیادة التشریعیة) گرینگترین گەرەنتیە بۆ سەربەخۆیی پەرلەمان بۆ ئەوەی پیادەی کاری یاسادانان بکات، چونکە ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە لایەن پەرلەمانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن ئێرادەی گشتی گەڵەوە دەرچووبێت. لەو ڕەوانگەیەدا یاسادانان تەنها ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانانە و ڕێگا بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن نادرێت کە دەستیوەردان لە ڕێکخستنی یاسایی بۆ ماف و ئازادییەکان بکات، مەگەر لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەربچێت.[lxi]

لە لایەکی تر یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ ئەو تاوانانەی دیاریکردووە کە دەبنە هۆی هەڕەشە لە سەر ماف و ئازادییە گشتیەکان، بە شێوەی گشتی ئەو یاسایە چەند جۆرێکی تاوانی دیاری کردووە، بەشی یەکەم پەیوەندی بە بەرژەوندی گشتی هەیەوە کە ئەو تاوانانە لە خۆی دەگرێت کە هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت و هەروەها ئەو تاوانانە لە خۆی دەگرێت کە هەڕەشەن لەسەر دادپەروەری و جۆری دووەم ئەو تاوانەن کە دەستدرێژین لەسەر ژیان و سەلامەتی جەستەیی مرۆڤ و جۆرەکانی تری تاوانەکان پەیوەندیان بە ئازادی مرۆڤ و کەرامەتیەوە هەیە وەکو دەستگیرکردن و هەڕەشەکردن لە تاکەکان، بۆیە ئەوەی لێردا تێبینی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە مافە سیاسییەکان کە گرینگیان لە مافەکانی تر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، بەڵام لە ڕووی یاسایی سزایی، ڕێکخستنی یاساییان بۆی نەکراوە کە بە بڕوای ئێمە ڕێکخستنی یاسایی سزایی دەبێتە گەرەنتییەکی بە هێز بۆ پاراستنی ئەو مافانە.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا بەگوێرەی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەسەڵاتی دەرکردنی ڕینمایی و لەوایحی هەیە، بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە ناهێت کە دەسەڵاتی کۆت و بەند کردنی ماف و ئازادییەکانی هەیە، چونکە ئەو ڕینمایی و

لەوائحانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە دەردەچن زیاتر لایەنی شرۆڤەکاری و تەکنیکی جێبەجێ کردنی یاساکانی لە خۆی دەگرێت. بۆیە یاسادانەری دەستوری هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ماف و ئازادییە گشتیەکان، ڕێکخستنیان بۆ یاسای ئاسایی بە جێ هێڵدراوە کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچن، بە مەرجێک پەرلەمانیش دەستکاری کرۆکی ماف و ئازادییەکان نەکات، بۆیە بابەتی ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکانی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن نەداوە.[lxii]

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ٤٦ جەختی لەسەر ئەو کراوە کە نابێت دەستکاری کرۆکی ماف و ئازادییەکان بکرێت بۆیە دەڵێت کە ناکرێت کۆت و بەندی مومارسەی هیچ ماف و ئازادییەک بکرێت کە لە دەستووردا هاتوونە مەگەر بە یاسا نەبێت، ئەویش مەرجە کە نابێت کۆت وبەندی کرۆکی مافی و ئازادی بکرێت.

هەرچەندە لەو توێژینەوەدا جەختمان لە سەر بنەمای سەروەری یاسا و پلەبەندی یاساکان و بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکانمان کردووە کە گەرەنتی پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەن، بەلام چاودێری کردنی دەستووری بوونی یاساکان، و بنەمای سەربەخۆی دادگاکان و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان ڕۆلیان لە پاراستنی مافە سیاسییەکانیان هەیە، بۆیە پێویستە رۆڵی هەر یەک لەوانە بە توێژینەوەی جیاواز لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت.

**کوتایی**

دوای ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتی گەرەنتییەکانی دەستووری پاراستنی مافە سیاسییەکان، دەتوانین گرینگترین دەرئەنجام و پێشنیارەکان بە شێوەی خوارەوە باس بکەین:

**یەکەم: دەرئەنجامەکان:**

١- دەستوور کە بەرزترین یاسای دەوڵەتە ماف وئازادییەکانی تاکەکان ڕێک دەخات و هەروەها گەرەنتییەکانی پاراستنی ئەو ماف و ئازادیانەش دیار دەکات. دانانی ئەو ماف و ئازادیانە لە ناوەرۆکی دەستوور هەر خۆی گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی ئەو ماف و

ئازادیانە، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت هیچ یاسایەک کە دژی ئەو ماف و ئازادیانە بێت دەر بکات.

٢- بنەمای سەروەری یاسا یەکێکە لە گرینگترین گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چونکە دەبێتە هۆی رێز گرتنی ئەو ماف و ئازادیانەی کە لە دەستوور هاتوونە ، لە بەر ئەوەی کە هەم هاوڵاتیان و هەم دەسەڵاتداران دەبێ ملکەچی ئەو پرەنسیپانە بن.

٣- بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆی پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چونکە دەبێتە هۆی دابەش بوونی دەسەڵاتەکان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت و ئەوەش رێگیری دەکات لەوەی کە دەسەڵات تەنها لە دەستی یەک کەس بێت کە لە دەرئەنجامی ئەو کەسە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان پێشێل بکات.

٤- سەربەخۆ بوونی دادگاکان لە هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە سزای ئەو لایەنانە بدرێت کە پێشێلی مافەکانی مروڤ دەکەن و دادپەروەری جێبەجێ بکرێت .

٥- چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێگیری بکرێت لە دەرچوونی هەر یاسایەک کە دژی ئەو ماف و ئازادیانە بێت کە لە دەستوور ئاماژە پێدراوە.

٦- گرینگترین ئەو مافە سیاسیانەی کە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ رێکخستنی دەستووری بۆیان کردووە بریتیین لە هەر یەک لە مافەکانی هەڵبژاردن، خۆپاڵاوتن، دەنگدان، وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان، دامەرزاندنی حیزبە سیاسییەکان و چوونە رێزیان، مافی ئازادی رادەربڕین و ئەنجامدانی کۆبوونەوە، لە گەڵ مافی بەدەستهێنانی رەگەزنامە لە خۆی دەگرێت.

**دووەم: پێشنیارەکان:**

١- پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە ڕێگای خولەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەی یان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هاولاتیان بەرز بکەن تاکو هاولاتیان شارەزای ماف و ئازادییەکانی خۆیان بن و دەسەلاتدارانی ناچار بکەن کە پابەندی ئەو ماف و ئازادیانە بن و بیانپارێزن.

٢- پێویستە لە ڕێگای چاودێریکردنی دەسەلاتداران بە تایبەتی چاودیری پەرلەمان لەسەر دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە ڕێگای پرساندن، لێپرسینەوە و وەرگرتنی متمانە، لە کاتی پێشێلکردنی مافە سیاسییەکان لە لایەن دەسەلاتی جێبەجێ کردن، ئەو دەسەلاتدارنە ناچار بکرێن کە ڕێز لە مافە سیاسییەکانی هاولاتیان بگرن.

٣- پێویستە عێراق ڕێکەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە مافی مروڤ پەسەند بکات و یاسای تایبەت بۆ ئەو ڕێکەوتننامانە پەسەند بکات و لە گەل یاساکانی ناوخۆیی تێکەل بکات، تاکو بتوانرێت ئەو ماف و ئازادیانەی کە لەو ریکەوتننامانە هەیە جێبەجێ بکرێت. وەکو ڕێکەوتننامەی سیداو ساڵی ١٩٥٤.

٤- پێویستە روڵی کۆمیسیونی بالای مافەکانی مروڤ لە عێراق و دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زیاتر چالاک بکرێت تاکو بتوانرێت ڕێگیری بکرێت لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان.

٥- پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ زیاتر کار بۆ بلاوکردنەوەی کەلتووری دیموکراسی بکەن و چاودێری دەسەلاتە گشتییەکانی دەوڵەت بکەن تاکو ڕێگیری لە پێشێلکردنی مافە سیاسییەکانی هاولاتیان بکەن.

٦- پێویستە بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەلاتەکان بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی مافە سیاسییەکانی هاولاتیان و پاراستنی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی بپارێزرێت.

٧- پێویستە دادگاکانی عێراق بە تایبەتی دادگای باڵای فیدراڵی بە سەربەخۆی تایبەتمەندییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن تاکو بە هۆیەوە بنەمای سەروەری یاسا و بنەمای پلەبەندی یاساکان بتوانن مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان بپارێزن.

٨- دەبێت هەڵبژاردنەکان بە شێوەی پاک، شەفاف و دەوری لە ژێر چاودێری دامەزراوەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی ئەنجام بدرێت تاکو گەرەنتی پاراستنی مافە سیاسییەکان بکرێت.

پەراوێزەکان:

[i] - د. محمد الصوفي، الاليات الحكومية لحماية حقوق الانسان دوليا و اقليميا، منشورات معهد جنيف لحقوق الانسان، سويسرا، ٢٠١٤، ص ٣٥.

[ii] - د. بلمختار حسينة، ضمانات حقوق الانسان و حرياته الاساسية في ظل التعديل الدستوري لسنة ٢٠٢٠- المحكمة الدستورية ، مجلة السياسية العالمية، المجلد(٠٥)، العدد (٠٢)، السنة ٢٠٢١( ص ص ٢٣١-٢٤٥) ص ٢٣٦.

[iii] - براهمي حسان، الضمانات الدولية لحماية حقوق المشاركة السياسية، رسالة الماجستر مقدمة الى كلية الحقوق و السياسية، جامعة سطيف ٢، ٢٠١٤، ص ١٩.

[iv] - د. بلمختار حسينة، مصدر سابق، ص ٢٣٩.

[v] - الدكتور عصام علي الدبس، النظم السياسية الحقوق و الحريات العامة و ضمانات حمايتها، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١١، ص ٩٣.

[vi] – عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٦، ص ٣٠٢.

[vii] - سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي ٣ حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٠، ص ١٠٠.

[viii] - د. وودرو ولسن، الحكومة الدستورية في الولايات المتحدة، ترجمة وديع الضبع، الطبعة الثانية، دارالنهوض للدراسات و النشر، مصر، ٢٠١٨، ص ٤٩.

[ix] - دكتور احمد سرحال، في القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الأولى ، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٢، ص ٩٥. أ. د. اسماعيل صعصاع البديري و م. م. أمين رحيم حميد، الحماية القضائية لحقوق الموظف السياسية دراسة مقارنة ، مجلة اهل البيت، المجلد١ ، العدد ٢٦، ٢٠٢٠، ص ١١٣.

[x] - الدكتور رحيل محمد غرايبة ، الحقوق و الحريات السياسية في الشريعة الاسلامية، الطبعة الاولى، دار المنار للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٠، ص ٥٥.

[xi] - ايزايا بيولن، الحرية ، ترجمة معين الامام ، منشورات دار الكتاب، مسقط ، ٢٠١٥، ص ٣٦٣.

[xii] - د. اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، ٢٠١٦، ص ١٧٣.

[xiii] - ماددەی ٢٠ لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[xiv] - م. إياد خلف محمد جويعد و م. إيمان عبيد كريم، الحماية التشريعية للحريات العامة، مجلة السياسية و الدولية، المجلد ١، العدد ٢٣، ٢٠١٣، ص ٣.

[xv] - تميم طاهر احمد و فراس ياوز، الحماية الجنائية للاحزاب السياسية (دراسة مقارنة) مجلة الحقوق، جامعة تكريت، المجلد ٢، العدد٦-٧، ٢٠١٠، ص ٧.

[xvi] - أ. م. د. سهى حميد سليم الجمعة و م. د. بيداء عبدالجواد العباسي، الكوتا النسائية في الانتخابات العراقية، مجلة دراسات اقليمية ، السنة ١٦، العدد ٥٣، تموز ٢٠٢٠، ص ٢٥٥.

[xvii] - المدرس المساعد شيماء سعدون عزيز، ضمانات حقوق المرأة في التشريعات العراقية و المواثيق الدولية، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية ، المجلد ٢٨، العدد الثاني، ٢٠٢١،، ص ٣.

[xviii] - م. م. رينم مجيد حميد، الحقوق السياسية للمرأة العراقية، مجلة كلية التراث الجامعة، المجلد١ ، العدد ٣٣ ( العدد خاص بوقائع المؤتمر السنوي الرابع عشر) ص ٧٢٨.

[xix] - حسين وحيد عبود العيساوي، الحقوق و الحريات السياسية في الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥ دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠١٨، ص ٢١٦.

[xx] - م. د. روافد محمد علي الطيار، ممارسة الحقوق السياسية في ضوء مشروع قانون التخلي عن الجنسية المكتسبة الاخرى، دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، العدد ٢٣، ٢٠١٩، ص ٢٥٠.

[xxi] - أ. م. د. محمد يوسف محميد، الاطار الدستوري لتنسم المناصب السيادية و تعدد الجنسية، مجلة جامعة تكريت للحقوق ، السنة ٥، المجلد ٥، العدد ٤، الجزء ٢، ٢٠٢١، ص ١٥٤.

[xxii] - الدكتور علي صبيح التميمي، فلسفة الحقوق و الحريات السياسية و موانع التطبيق( دراسة تحليلية في الفلسفة السياسية)، الطبعة الاولى، دار امجد للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٦، ص ٣٧٣.

[xxiii] - دكتور جاسم محمد حسين شنكالي، الحماية الدستورية و القضائية لحقوق الانسان دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠٢٣، ص ٣٠.

[xxiv] - الاستاذ الدكتور عدنان عاجل عبيد، أثر استقلال القضاء عن الحكومة الحكومة في دولة القانون دراسة دستورية مقارنة بالانظمة القضائية العربية و العالمية، المركز العربي للنشر و التوزيع، ٢٠١٨،، ص ٤٣.

[xxv] - الدكتور عصام علي الدبس، النظم السياسية الحقوق و الحريات العامة ضمانات حمايتها، مصدر سابق، ص ١٠٧.

[xxvi] - الدكتورة مها بهجت يونس الصالحي ، الحكم بعدم دستورية نص تشريعي و دوره في تعزيز دولة القانون ( دراسة مقارنة ) الطبعة الاولى، بيت الحكمة ، بغداد، ٢٠٠٩، ص ٢٩.

[xxvii] - الدكتور عقيل سعيد كاظم المولى، أثر تقسيم الدوائر الانتخابية و حجمها في تمثيل النيابي ، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، المجلد ١٤، العدد ١، ٢٠٢٢، ص ٩٤٨.

[xxviii] - د. حيدر عبدالله جابر الاسدي، التنظيم القانوني لانتخاب أعضاء مجالس المحافظات في العراق ( دراسة مقارنة ) مجلة رسالة الحقوق، السنة السادسة، العدد الاول، ٢٠١٤، ص ٢٥٩. و د. ياسر عطيوي عبود الزبيدي، التنظيم القانوني للانتخاب اعضاء مجلس المحافظات في العراق، مجلة رسالة الحقوق، المجلد ٢، العدد ٣، ٢٠١٠، ص ٨٦ و مابعدها.

[xxix] - انعام مهدي جابر الخفاجي، اليات الحماية الداخلية لحقوق الانسان و حرياته في الدستور العراقي، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد ٢٠، العدد ١، ص٣.

[xxx] - الاستاذ حسني بوديار ، الوجيز في القانون الدستوري، دار العلوم للنشر و التوزيع، الحجار، ٢٠٠٣، ص ٧٦.

[xxxi] - انعام مهدي جابر الخفاجي، مصدر سابق، ص ٤.

[xxxii] - دكتور محمد سليم محمد غزوى، الضمانات الدستورية لحقوق الانسان ( دراسة في كل من التشريع الاردني و المقارن) مجلة العلوم القانونية و الاقتصادية ، جامعة عين شمس ، كلية قانون ، المجلد٥٠، العدد ١، يناير ٢٠٠٨، ص ٧٨.

[xxxiii] - أ. م. د. ظافر مدحي فيصل و د. ظريفي نادية ، ضمانات مبدأ سيادة القانون العراق و الجزائر أنموذجا ، مجلة العلوم القانونية ، كلية القانون ، جامعة بغداد، العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان الاصلاح الدستوري و المؤسساتي الواقع و المامول للمدة ١٣-١٤/ ١١/ ٢٠١٨، ص ٢٨٩.

[xxxiv] - المدرس شيماء مدلول عباس، ضمانات الحماية القانونية لحقوق الانسان، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد ٢٢، العدد ٢، ٢٠٢٠، ص ١٨٩.

[xxxv] - أ. م. د. عقيل محمد عبد و هديل هاني صيوان، الحريات الفكرية في دستور جمهورية العراق الدائم لسنة ٢٠٠٥ (دراسة في الضمانات القانونية و السياسية، مجلة دراسات تاريخية، المجلد ١ ، العدد١٩-٢٠، ٢٠١٥، ص ص ١٨٦-١٨٧.

[xxxvi] - م. د. نجلاء مهدي محسن بحر، الدور السياسي لمجلس الدولة في العراق، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد ١٢، العدد ١، حزيران ٢٠٢١.

[xxxvii] - م. م. شميم مزهر راضي و م. د. عادل حنين عبدالله، الحقوق السياسية في ظل دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥ (دراسة تحليلية) مجلة العلوم القانونية، المجلد ٣٧، العدد الاول، ٢٠٢٢، ص ٣٨٩.

[xxxviii] - دكتور جاسم محمد حسين شنكالي، مصدر سابق، ص ١٣٧.

[xxxix] – د. حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، مكتبة السنهوري ، بغداد، ٢٠١٣، ص ١٤٩ص ١٥٠. بنەمای پلەبەندی یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ زانای نەمساوی هانس کلسن کە دەڵێت هەموو یاساکان لە سیستەمێکی یاسایی لە یەک ئاستدا نین و یەک هێزی یاساییان نییە، بەلکو بەشێکیان باڵاترن لەوانەی دیکە، بە شێوەیەک کە ڕێسا دەستورییەکان لە لوتکەی هەرەمەکە دەبێت و دواتر یاسا ئاساییەکان و دواتر ڕێنمایی و لەوائح و بڕیارەکان دەبن. أ. م. د. ظافر مدحي فيصل و د. ظريفي نادية ، ضمانات مبدأ سيادة القانون العراق و الجزائر أنموذجا ، مجلة العلوم القانونية ، كلية القانون ، جامعة بغداد، العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان الاصلاح الدستوري و المؤسساتي الواقع و المامول للمدة ١٣-١٤/ ١١/ ٢٠١٨. ، ص ص ٦٤-٦٥.

[xl] - دكتور جاسم محمد حسين شنكالي، مصدر سابق، ص ص ٥٣-٥٤.

[xli] - باڵادەستی بابەتی دەستوور چەندین دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە دەکرێت بەو شێوەیە باسی بکەین: یەکەم/ پێشتگیری بنەمای ڕەوایەتی دەکات: باڵادەستی دەستوور پیشتگیری بنەمای ڕەوایەتی دەکات چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو لایەک لە خەڵک و دەسەڵاتداران پابەندی یاساکان بن و ئەگەر هەر لایەنێک دژی بنەمای ڕەوایەتی هەڵسوکەوت بکات، هیچ کاریگەرییەکی نابێت و بە پوچەل هەژمار دەکرێت. دووەم/ دەسەلاتە گشتییەکانی دەوڵەت بە گوێرەی بنەماکانی دەستوور ئەرکەکانی خۆیان جێبەجی دەکەن: بە هۆی ئەوەی کە دەستوور بە سەرچاوەی ڕێکخستنی دەسەلاتە گشتییەکان( دەسەلاتی یاسادانان، دەسەلاتی جێبەجێ کردن و دەسەلاتی دادوەری) دادەنرێت بۆیە ئەو دەسەلاتانەش بە گوێرەی دەستوور هەلسوکەوت دەکەن. سێیەم/ ڕێگیری کردن لە پێدانی ئەو دەسەلاتەی کە دەستوور پێیان دەدات بۆ لایەنێکی دیکە ببەخشێت(منع التفويض) : بە گوێرەی باڵادەستی دەستوور ئەو تایبەتمەندیانە کە دەستوور بە لایەنێک دەدات ناکرێت ئەو لایەنەش ئەو تایبەتمەندیە یان ئەو دەسەلاتەی کە دەستوور پێ دایە بە لایەنێکی تر ببەخشێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دکتور جاسم محمد حسين شنكالي، مصدر سابق، ص ٥٤.

[xlii] - عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية أسس التنظيم السياسي ، الدار الجامعة ، ١٩٨٥، ص ٢٦٢.

[xliii] - دكتور محمد كاظم المشهداني ، النظم السياسي ، مطبعة دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل ، ١٩٩١، ص١٠٣.

[xliv] - دكتور محمد مجذوب، القانون الدستوري و النظام السياسي في لبنان، الدار الجامعية ، بيروت ، ٢٠٠٠، ص ٨٧.

[xlv] - د. صالح جواد كاظم و د. علي غالب العاني ، ، الانظمة السياسية ، مطبعة دار الحكمة ، بغداد، ١٩٩٠، ص ٩٤.

[xlvi] - م. د. شهاب احمد عبدالله، دور المحكمة الاتحادية العليا في العراق في تعزيز مبدأ الفصل بين السلطات، مجلة العلوم القانونية ، كليه القانون جامعة بغداد، المجلد ٣٣، العدد ٢، ٢٠١٨، ص ٤٠٥.

[xlvii] - د.رقية المصدق، القانون الدستوري و المؤسسات السياسية، الطبعة الثانية، دار توبقال للنشر، المغرب ، ١٩٩٠، ص١٣٩.

[xlviii] - فاديا ابراهيم جاسم، دور الدستور في ارساء دولة القانون، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الحقوق ، جامعة حلب، ٢٠٠٠، ص٣٢، نقلا عن الدكتور ادمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري العام، الجزء الثاني – النظرية القانونية في الدولة و حكمها ، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٥، ص ٦١٨.

[xlix] - جون لوک، الحكومة المدنية، ترجمة محمود شوقي الكيال، الطبعة الاولى، مطبعة شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة، دون سنة النشر، ص ٧٧.

[l] - دكتور ثروت بدوي، النظم السياسية ، دار النهضة العربية للطبع و النشر و التوزيع، القاهرة، ١٩٨٦، ص ٤٢٤. زانایان لە سەر ئەوە کۆکن کە مەبەستی مونتسکیو لە بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەلاتەکان، جیاکردنەوەیەکە کە هاوسەنگی، هاوکاری و چاودێری کردنی ئالوگۆرکراو لە نێوان دەسەلاتەکان هەبێت، بە بێ ئەوەی کە دەست درێژی بکەنە سەر دەسەلاتەکانی یەکتر، بۆیە ئەو ئامانجانە کە لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایە بەدێ دەهێنرێت دەتوانرێت بەو شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکەین: ١- ڕێکخستنی پسپۆری و دابەش کردنی ئەرکەکان لە نێوان دەسەلاتەکانی دەوڵەت و گەرەنتی کردنی پسپۆریتی ئەرکەکانی ئەو دەسەلاتانە دەکات.٢- هیچ دەسەلاتێک بالادەست تر نییە لە دەسەلاتی تر.٣- دەبێتە هۆی چاودێری دەسەلاتەکان لە سەر یەکتر.٤- دەبێتە هۆی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان.٥- دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی لە نێوان دەسەلاتەکان و ڕێگیری کردن لە زۆرداری.٦- دەبێتە هۆی بونیاتنانەوەی دادپەروەری و یەکسانی.٧- دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە بنەمای رەوایەتی و جێبەجێ کردنی بنەمای سەروەری یاسا.٨- دەبێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی یاسا. أ. م. د. يحيى قاسم علي سهيل، الضمانات الدستورية في تعزيز استقلال القضاء ، مجلة تهامة ( مجلة محكمة – علمية – أكاديمية – محكمة نصف سنوية ) العدد الثاني عشر، يوليو- ديسمبر، ٢٠٢٠، ص ٦.

[li] - م. د. غني زغير عطية محمد، فصل السلطات في الدساتير العراقية ( دراسة تحليلية ) مجلة القانون للبحوث القانونية، العدد ١٣، ٢٠١٦، ص ٤.

[lii] - مەبەست لە حکومەتی زۆرداری یان ئیستبدادی ئەو حکومەتەیە کە تاکە کەسێک هەموو دەسەلاتەکانی لە دەست دابێ، بە بێ ئەوەی ملکەچی هیچ یاسا و ڕێسایەک بێت، و ئێرادەی لە سەروی هەموو دەسەلاتەکان بێت، و لە ژێر هیچ چاودێریەک نەبێت. مۆنتسکیۆ، رۆحی یاساکان، وەرگێڕانی ئیدریس شیخ شەرەفی. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بەلاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٧١.

[liii] - أديمار إسيمن، أصول الحقوق الدستورية ، ترجمة عادل زعيتر، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة، ٢٠٢٢، ص ٢٢٢.

[liv] - م. م. محمد نوري علي، مبدأ فصل السلطات بين النظرية و التطبيق ( دراسة مقارنة بين النظام العراقي و الجزائري) مجلة السياسية و الدولية، العدد ٣٥-٣٦، ٢٠١٤، ص١٠٨٥.

[lv] - شباب برزوق الضمانات الدستورية لحقوق الانسان، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الحقوق جامعة وهران، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، ٢٠١٢، ص ٥٦.

[lvi] - مەبەست لە سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری ئەوەیە کە هیچ دەسەلاتێکی دیکە نابێت دەستێوەردان لە کاروباری دادگاکان بکات، بۆ نمونە دەسەلاتی جێبەجێ کردن و دەسەلاتی یاسادانان یان ڕاگەیاندن کاریگەری لە سەر سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری هەبێت، بنەمای سەربەخۆیی دادوەری پەیوەندی بە بنەمای یەکسانی و سەروەری یاسا هەیە. د. طلعت يوسف خاسر، استقلال القضاء كحق من حقوق الانسان بين النظرية و التطبيق ، المؤتمر الدولي الرابع عشر لكلية الحقوق ، جامعة المنصورة ( مستقبل النظام الدستوري للبلاد ). ص ٩.

[lvii] - د. بشرى الزويني، أداء النظام السياسي العراقي في ضوء العلاقة بين السلطتين التشريعية و التنفيذية بحسب دستور عام ٢٠٠٥ ( واقع و تقييم) ، مجلة العراقية للعلوم السياسية، العدد ١، كانون الثاني ٢٠٢٠، ص ٦٣.

lviii - دارا عزيز خضر، النظام القانوني للمعارضة السياسية دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ص ١١٣.

lix - المدرس شيماء مدلول عباس، ضمانات الحماية القانونية لحقوق الانسان، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد ٢٢، العدد ٢، ٢٠٢٠.، ص ١٩٠.

lx - م. م. على قاسم كاظم، ضمانات المحافظة على الحقوق و الحريات العامة، مجلة دراسات تربوية، المجلد ١١، العدد٤٢، ٢٠١٨، ص ٢٧٨.

lxi - د. زينة صاحب كوزان و د. ايمان عبيد كريم، الاختصاص التشريعي في المسائل الجنائية المتعلقة بتنظيم الحقوق و الحريات، المجلة السياسية و الدولية ، المجلد ١، العدد ٤٤، ايلول ٢٠٢٠، ص ص ٤٢٢-٤٢٣.

lxii - د. زينة صاحب كوزان و د. ايمان عبيد كريم، مصدر سابق، ص ٤٢٨.

## سەرچاوەکان


یەکەم: کتیب بە زمانی عەرەبی

١- احمد سرحال، في القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٢.

٢- أديمار إسيمن، أصول الحقوق الدستورية ، ترجمة عادل زعيتر، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة، ٢٠٢٢.

٣- ايزايا بيولن، الحرية ، ترجمة معين الامام ، منشورات دار الكتاب، مسقط، ٢٠١٥.

٤- ثروت بدوي، النظم السياسية، دار النهضة العربية للطبع و النشر و التوزيع، القاهرة، ١٩٨٦.

٥- جاسم محمد حسين شنكالي، الحماية الدستورية و القضائية لحقوق الانسان دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدرات القانونية، القاهرة، ٢٠٢٣.

٦- حسني بوديار ، الوجيز فى القانون الدستوري، دار العلوم للنشر و التوزيع، الحجار، ٢٠٠٣.

٧- حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، مكتبة السنهوري ، بغداد، ٢٠١٣.

٨- رحيل محمد غرايبة ، الحقوق و الحريات السياسية في الشريعة الاسلامية، الطبعة الاولى، دار المنار للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٠.

٩- رقية المصدق، القانون الدستوري و المؤسسات السياسية، الطبعة الثانية، دار توبقال للنشر، المغرب ، ١٩٩٠.

١٠- سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي ٣ حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٠.

١١- صالح جواد كاظم و د. علي غالب العاني، الانظمة السياسية ، مطبعة دار الحكمة ، بغداد، ١٩٩٠.

١٢- عبدالغني بسيونى عبدالله، النظم السياسية أسس التنظيم السياسي ، الدار الجامعة ، ١٩٨٥.

١٣- عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٦.

١٤- عدنان عاجل عبيد، أثر استقلال القضاء عن الحكومة الحكومة في دولة القانون دراسة دستورية مقارنة بالانظمة القضائية العربية و العالمية، المركز العربي للنشر و التوزيع، ٢٠١٨.

١٥- عصام علي الدبس، النظم السياسية الحقوق و الحريات العامة و ضمانات حمايتها، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١١.

١٦- عقيل سعيد كاظم المولى، أثر تقسيم الدوائر الانتخابية و حجمها في تمثيل النيابي ، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، المجلد ١٤، العدد ١، ٢٠٢٢.

١٧- علي صبيح التميمي، فلسفة الحقوق و الحريات السياسية و موانع التطبيق( دراسة تحليلية في الفلسفة السياسية)، الطبعة الاولى، دار امجد للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٦

١٨- محمد الصوفي، الاليات الحكومية لحماية حقوق الانسان دوليا و اقليميا، منشورات معهد جنيف لحقوق الانسان، سويسرا، ٢٠١٤.

١٩- محمد كاظم المشهداني ، النظم السياسي ، مطبعة دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل ، ١٩٩١.

٢٠- محمد مجذوب، القانون الدستوري و النظام السياسي في لبنان، الدار الجامعية، بيروت، ٢٠٠٠.

٢١- مها بهجت يونس الصالحي ، الحكم بعدم دستورية نص تشريعي و دوره في تعزيز دولة القانون ( دراسة مقارنة ) الطبعة الاولى، بيت الحكمة ، بغداد، ٢٠٠٩.

٢٢- وودرو ولسن، الحكومة الدستورية في الولايات المتحدة، ترجمة وديع الضبع، الطبعة الثانية، دارالنهوض للدراسات و النشر، مصر، ٢٠١٨.

دووەم: كتيب بە زمانی كوردی

٢٣- مۆنتسكيۆ، رۆحی ياساكان، وەرگێڕانی ئيدريس شيخ شەرەفی. چاپی يەكەم، دەزگای چاپ و بەڵام كردنەوەی موكريانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

سێيەم: ماستەرنامە

٢٤- براهمي حسان، الضمانات الدولية لحماية حقوق المشاركة السياسية، رسالة الماجستر مقدمة الى كلية الحقوق و السياسية، جامعة سطيف ٢، ٢٠١٤.

٢٥- شباب برزوق الضمانات الدستورية لحقوق الانسان، رسالة ماجستر مقدمة الىٰ كلية الحقوق جامعة وهران، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، ٢٠١٢.

٢٦- فاديا ابراهيم جاسم، دور الدستور في ارساء دولة القانون، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الحقوق ، جامعة حلب، ٢٠٠٠.

چوارەم: تویژینەوەكان

٢٧- اسماعيل صعصاع البديري و م. م. أمين رحيم حميد، الحماية القضائية لحقوق الموظف السياسية دراسة مقارنة ، مجلة اهل البيت، المجلد١ ، العدد ٢٦، ٢٠٢٠.

٢٨- اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، ٢٠١٦.

٢٩- انعام مهدي جابر الخفاجي، اليات الحماية الداخلية لحقوق الانسان و حرياته في الدستور العراقي، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد ٢٠، العدد ١.

٣٠- إياد خلف محمد جويعد و م. إيمان عبيد كريم، الحماية التشريعية للحريات العامة، مجلة السياسية و الدولية، المجلد ١، العدد ٢٣، ٢٠١٣.

٣١- بشرى الزويني، أداء النظام السياسي العراقي في ضوء العلاقة بين السلطتين التشريعية و التنفيذية بحسب دستور عام ٢٠٠٥ ( واقع و تقييم) ، مجلة العراقية للعلوم السياسية، العدد ١، كانون الثاني ٢٠٢٠.

٣٢- بلمختار حسينة، ضمانات حقوق الانسان و حرياته الاساسية في ظل التعديل الدستوري لسنة ٢٠٢٠- المحكمة الدستورية ، مجلة السياسية العالمية، المجلد(٠٥)، العدد (٠٢)، السنة ٢٠٢١.

٣٣- تميم طاهر احمد و فراس ياوز، الحماية الجنائية للاحزاب السياسية (دراسة مقارنة) مجلة الحقوق، جامعة تكريت، المجلد ٢، العدد٦-٧، ٢٠١٠.

٣٤- جون لوك، الحكومة المدنية، ترجمة محمود شوقي الكيال، الطبعة الاولى، مطبعة شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة، دون سنة النشر.

٣٥- حسين وحيد عبود العيساوي، الحقوق و الحريات السياسية في الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥ دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠١٨.

٣٦- حيدر عبدالله جابر الاسدي، التنظيم القانوني لانتخاب أعضاء مجالس المحافظات في العراق ( دراسة مقارنة ) مجلة رسالة الحقوق، السنة السادسة، العدد الاول، ٢٠١٤.

٣٧- دارا عزيز خضر، النظام القانوني للمعارضة السياسية دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨.

٣٨- روافد محمد علي الطيار، ممارسة الحقوق السياسية في ضوء مشروع قانون التخلي عن الجنسية المكتسبة الاخرى، دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، العدد ٢٣، ٢٠١٩.

٣٩- رينم مجيد حميد، الحقوق السياسية للمرأة العراقية، مجلة كلية التراث الجامعة، المجلد١ ، العدد ٣٣ ( العدد خاص بوقائع المؤتمر السنوي الرابع عشر).

٤٠- زينة صاحب كوزان و د. ايمان عبيد كريم، الاختصاص التشريعي في المسائل الجنائية المتعلقة بتنظيم الحقوق و الحريات، المجلة السياسية و الدولية ، المجلد ١، العدد ٤٤، ايلول ٢٠٢٠.

٤١- سهى حميد سليم الجمعة و م. د. بيداء عبدالجواد العباسي، الكوتا النسائية في الانتخابات العراقية، مجلة دراسات اقليمية ، السنة ١٦، العدد ٥٣، تموز ٢٠٢٠.

٤٢- شميم مزهر راضي و م. د. عادل حنين عبدالله، الحقوق السياسية في ظل دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥ (دراسة تحليلية) مجلة العلوم القانونية، المجلد ٣٧، العدد الاول، ٢٠٢٢.

٤٣- شهاب احمد عبدالله، دور المحكمة الاتحادية العليا في العراق في تعزيز مبدأ الفصل بين السلطات، مجلة العلوم القانونية ، كليه القانون جامعة بغداد، المجلد ٣٣، العدد ٢، ٢٠١٨.

٤٤- شيماء سعدون عزيز، ، ضمانات حقوق المرأة في التشريعات العراقية و المواثيق الدولية، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية ، المجلد ٢٨، العدد الثاني، ٢٠٢١.

٤٥- شيماء مدلول عباس، ضمانات الحماية القانونية لحقوق الانسان، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد ٢٢، العدد ٢، ٢٠٢٠.

٤٦- طلعت يوسف خاسر، استقلال القضاء كحق من حقوق الانسان بين النظرية و التطبيق ، المؤتمر الدولي الرابع عشر لكلية الحقوق ، جامعة المنصورة ( مستقبل النظام الدستوري للبلاد ).

٤٧- ظافر مدحي فيصل و د. ظريفي نادية ، ضمانات مبدأ سيادة القانون العراق و الجزائر أنموذجا ، مجلة العلوم القانونية ، كلية القانون ، جامعة بغداد، العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان الاصلاح الدستوري و المؤسساتي الواقع و المامول للمدة ١٣-١٤/ ١١/ ٢٠١٨.

٤٨- عقيل محمد عبد و هديل هاني صيوان، الحريات الفكرية في دستور جمهورية العراق الدائم لسنة ٢٠٠٥ (دراسة في الضمانات القانونية و السياسية، مجلة دراسات تاريخية، المجلد ١ ، العدد١٩-٢٠، ٢٠١٥.

٤٩- على قاسم كاظم، ضمانات المحافظة على الحقوق و الحريات العامة، مجلة دراسات تربوية، المجلد ١١، العدد٤٢، ٢٠١٨.

٥٠- غني زغير عطية محمد، فصل السلطات في الدساتير العراقية ( دراسة تحليلية ) مجلة القانون للبحوث القانونية، العدد ١٣، ٢٠١٦.

٥١- محمد سليم محمد غزوى، الضمانات الدستورية لحقوق الانسان ( دراسة في كل من التشريع الاردني و المقارن) مجلة العلوم القانونية و الاقتصادية ، جامعة عين شمس ، كلية قانون ، المجلد٥٠، العدد ١، يناير ٢٠٠٨.

٥٢- محمد نوري علي، مبدأ فصل السلطات بين النظرية و التطبيق ( دراسة مقارنة بين النظام العراقي و الجزائري) مجلة السياسية و الدولية، العدد ٣٥-٣٦، ٢٠١٤.

٥٣- محمد يوسف محميد، الاطار الدستوري لتنسم المناصب السيادية و تعدد الجنسية، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة ٥، المجلد ٥، العدد ٤، الجزء ٢، ٢٠٢١.

٥٤- نجلاء مهدي محسن بحر، الدور السياسي لمجلس الدولة في العراق، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد ١٢، العدد ١، حزيران ٢٠٢١.

٥٥- ياسر عطيوي عبود الزبيدي، التنظيم القانوني للانتخاب اعضاء مجلس المحافظات في العراق، مجلة رسالة الحقوق، المجلد ٢، العدد ٣، ٢٠١٠.

٥٦- يحيى قاسم علي سهيل، الضمانات الدستورية في تعزيز استقلال القضاء ، مجلة تهامة ( مجلة محكمة – علمية – أكاديمية – محكمة نصف سنوية ) العدد الثاني عشر، يوليو- ديسمبر، ٢٠٢٠.

الملخص

الموضوع الذي بحثناه في هذه الدراسة هو الضمانات الدستورية لحماية الحقوق والحريات السياسية في الدستور العراقي لعام ٢٠٠٥. حيث ينظم الدستور العراقي الحقوق والحريات في الجزء الثاني من الدستور، مما يوضح أهمية هذه الحقوق والحريات التي ينظمها القانون الأعلى للدولة لضمان الثقل والاحترام لهذه الحقوق والحريات. وتشمل هذه الحقوق والحريات الحق في الانتخاب، الترشيح، التصويت، الحق في التجمع، الحق في حرية التعبير، والحق في تشكيل الأحزاب السياسية أو الانضمام إليها، والحق في الحصول على الجنسية. كما يحدد الدستور العراقي الوسائل التي يتم بها ضمان هذه الحقوق والحريات، والتي يمكن أن نستخلصها من نصوص وروح الدستور. وأهم ضمانات حماية الحقوق والحريات السياسية هي سيادة القانون، والفصل بين السلطات، واستقلال القضاء، الرقابة على دستورية القوانين و مبدأ تدرج القوانين. ويعتبر مبدأ سيادة القانون ومبدأ تدرج القوانين إلى جانب مبدأ الفصل بين السلطات، من المبادئ الدستورية التي يمكن تنفيذها لمنع انتهاك الحقوق السياسية. كما أن منظمات المجتمع المدني مسؤولة عن مراقبة هذه الحقوق والحريات وكشف حالات انتهاك الحقوق والحريات من قبل السلطات، من أجل منع الانتهاكات المستمرة من قبل سلطات الدولة، فهذه هي أهم وسائل حماية الحقوق والحريات التي نستطيع أن نقتطفها من نص الدستور. لكن من الناحية العملية، فإن أهم أداة لضمان الحقوق والحريات هي رفع مستوى وعي وثقافة المواطنين والسلطات بحيث يمكن تنفيذ هذه الحقوق والحريات، والعمل على تعزيز ثقافة الديمقراطية.

الكلمات المفتاحية: الضمانات الدستورية، مبدأ سيادة القانون مبدأ تدرج القوانين، مبدأ الفصل بين السلطات، الحقوق السياسية.